

له‌ فارسییه‌وه‌ : ڕێباز مسته‌فا

# ئاشنابوون به‌ ئه‌فلاتون

سه‌رپه‌رشتیاری پرۆژه‌:

ئه‌نوه‌ر حسێن «بازگر» - لوقمان ره‌ئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا



سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792



تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

ئەفلاتون، مایەو هەوێنی پووچکردنی فەلسەفە  بوو، یان (لانی کەم) ژمارەیەک لە بیرمەندانی مۆدێرن، ئەو تێڕوانینەمان لەلا چێدەکەن، نیچە و هایدگەر هەردووکیان، لەو بـاوەڕەدان کە فەلسەفە، هەرگیز لە ناسکاری و چاودێریکردن سوقراط و ئەفلاتون ، لەسەدەی پێنجەمی پێش زانیین، نەیتوانیوە دۆخی خۆی باش بکاط، کەمتر لە دوو سەدە پێشتر، فەلسەفە رێڕەوی خۆی گرتبوو، لە زۆر رووەوە بە زەحمەط هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی هەڵێنابوو، بەڵام لێرەدا (واتە لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین) بوو کە وەک دەوترێ رێی چەوتی گرتە پێش، سوقراط هیچ نووسینێکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشط، سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی ئێمە لەسەر ئەو، کەسێتییکی نیمچە مێژووییە کەلەهەڤپەیڤینەکانی ئەفلاتوندا بە دەردەکەوێ، بەزۆری سەختە دەستنیشانی ئەوە بکەین کە چ کاتێک ئەو کەسێتیە لە حاڵەتی دەربڕینی ئەو بیروئەندێشانەیە کە خودی سوقراط دەریبڕیوە یان تەنها لە پایەی قسەکەری ئەفلاتوندا، رۆڵدەگێڕێ لە هەر حاڵەتێکدا ئەو سیمایە، لە نیچەوە، جیاواز بوو لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەی کە بەر لەو بەسەریان دەبرد (ئێستا لای هەمووان بەپێش سوقراتیەکان بەناوبانگن.) بەمشێوەیە چۆن سوقراط و ئەفلاتون فەلسەفەیان پێش ئەوەی کە وەک پێویسط دروسط بووبێ، بەرەوپووچبوون بردبێط ؟ واپێدەچێط هەڵەی ئەوان ئەوە بوو بێ کە فەلسەفەیان بە پرسێکی عەقڵانی زانیووە . هاتنی شرۆڤە و بەڵگەی پاساودارا، هەموو شتێکی وێران کرد، بەڵام ئەو نەریتە گرانبەهایەی  پێش سوقراط چ بوو کە هاتنی عەقڵی تێکیشکاند ؟ فەیلەسوفانی پێش سوقراط،ژمارەیەک لە کەسانی سەیرو ناوازەی بەرجەستە بوو کە لە هەر بوارێکەوە پرسیار گەلێکی قووڵیان دەهێنایە پێش « واقیعەط چییە ؟»،« بوون چییە؟»، « بوونەوەرچییە ؟» زۆر لەو

پرسیارانە، تا ئەمڕۆکەش لای فەیلەسوفەکان بێ وەڵام ماونەتەوە (ئەو واقیعیەتە، ئەو فەیلەسوفە مۆدێرنانەش دەگرێتەوە، کە پێیانوایە لە بنەڕەتدا ناکرێ وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدرێتەوە، ناچێنە نێو مشتومڕو یاریەکە .) فیساگۆرس، بەپێی پلەبەندی سەرنجراکێشترین (سەیرترین ) فەیلەسوفی پێش سوقرات بوو،ئەمڕۆکە فیساگۆرس، لەهەمووی زیاتر بەهۆی ئەو تێزەی کە هی ئەوە، واتە ئەو تێزەی کە (مەجزور)ی دوو تیرەی سێگوشەی گوشەوەستاو یەکسان لەگەڵ (مەجزور) ی(ژێ)یەکەی ئەو سێگوشەیە- ناوی لەیادنەچوەو چەندین سەدەیە ئەو پرسە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵک، یەکەمین هەڵێنجانی دروستی بیرکاریانەی ئەوانی مەیسەر کردووە : بۆ ئەوانەی هەرگیز سەر لە بیرکاری دەرناکەن ! فیساگۆرس بووکە قووڵترین کاریگەری لەسەر ئەفلاتون بەجێهێشت و بۆ دۆزینەوەی چاوگی زۆر لە ئەندێشەکانی ئەفلاتون دەبوا بچینە سۆراغی ئەوەوە .

فیساگۆرس هەر تەنها فەیلەسووف نەبوو، ئەو جگە لەوە، توانی کە رۆڵی پێشەوای ئایینی ماتماتیکزان (عارف) و راوێژکاری سیستمی خواردنیش پێکەوە لە کەسایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە. چارەنووس وا بوو کە ئەو شاکارە دژوارە فیکرییە کاریگەریی بەردەوامی خۆی لەسەر ئەندێشە فەلسەفیەکانی ئەو دابنێ.

فیساگۆرس نزیکەی ساڵی (580)ی پێش زانیین لە (دوورگەی ساموس) چاوی بەدنیا هەڵێنا، بەڵام لە دەستی ستەمکاریی ناوچەیی، رێی راکردنی گرتبەر تا خوێندنگەی ئایینی و فەلسەفی و بیرکاری و پارێزکاریی خۆی لەکرێتوون، کە کۆلۆنکراوێکی یۆنانی بوو لە باشووری ئیتاڵیا، بنیات بنێ، لەوێ ئەو پێڕستێکی دوورودرێژی لەیاساکان بۆ خوێندکار و مریدو عارف و خۆراکناسەکانی بڵاوکردەوە ئەوان، لەتەک شتە حەرامکردەکانی تر بەراوشکاری لێیان قەدەغەکرابوو، کە لۆبیا یا (دڵ) بخۆن، پێش هەموو شت نان ورد بکەن یا لێبگەڕێن پەرەسێلکەکان لەبنمێچی خانووەکانیان هێلانە چێبکەن، جگە لەوە، لەژێر هەر هەلومەرجێکدا هیچ کامیان نەدەبوو گۆشتی سەگەکەی خۆی بخوات . بەوتەی ئەرستۆ، فیساگۆرس هەروا ئەو بوارەی وە دەستهێنا کە چەند پەرچوویێک ئەنجام بدات ؛ هەرچەندە بەپێچەوانەی ئەوەی باوە، ئەرستۆ وردەکاریەک لەبارەی ئەمانە بەدەستەوە نادات، بەبڕوای برتراند راسل، فیساگۆرس « ئاوێتەیەک بوو لە ئەنیشتاین و

خاتو ئێدی» (دامەزرێنەر «کلێسا»ی زانستی مەسیحی )* (یەکێک لە گروپەکانی مەسیحیەت کە پەیڕەوکارانی لەو بڕوایەدان دۆعا بەتەنیا نەخۆش چاک دەکاتەوە و.ف ) بەداخەوە ئەو زنجیرە توانستکاریە مەزنانەی کە فیساگۆرس هەیبوون نەیتوانی هاوڵاتیانی کریتوون بخاتە ژێر کاریگەریەوە، سەرەنجام ئەوان لەو هەموو رێنوێنیانە ماندوو بوون و فیساگۆرس ناچار بوو جارێکیتر رێی هەڵاتن بگرێتەبەر، ئەو لەشاری مێتاپونتو (میتاپونتیون/ میتاپونتوم) هەنگاوەکانی هێواش کردنەوە و لەوێ جێگیربوو هەر لەوێشدا لە نزیکەی ساڵی (500)ی پێش زایینی کۆچی دوایی کرد، رێنوێنیەکانی فیساگۆرس ماوەی سەد ساڵی دیکە یا ئەو سەروبەندە، لەترۆپکی گەشەو برەودا بوون و بەهۆی مریدە زاناکان و ماتماتیکزانەکانی ئەوەوە، لەسەرتاسەری باشوری ئیتاڵیا و یۆنان بڵاوبونەوە بەمشێوەیە ئەفلاتون ئەو بوارەی بۆ رەخسا، کە لەگەڵ فیساگۆرسدا ئاشنا بێت، فیساگۆرسیش وەکو سوقرات خۆی لە نووسین بواردو رێنوێنیەکانی ئەو تەنها لەرێی خوێندکارەکانیەوە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە . ئێستا بۆ ئێمە روون بووەتەوە کە خوێندکارانی فیساگۆرس هۆو دامەزرێنەری بەشێکی گەورەن لە جلی چل پارچەی بیرکردنەوە، ئەدەب و نەریت، بیرکاری، فەلسەفە و ئەندێشەگەلی سەیرو سەمەرە کە ئەمڕۆکە پێی دەگوترێ (قوتابخانەی فیساگۆرس) لەراستیدا، تێزی بەناوبانگی فیساگۆرس لەبارەی (مەجزوری ژێ )بەئەگەری دەتوانین بڵێین دڵنیاوە بەدەستی خودی فیساگۆرسەوە نەدۆزراوەتەوە .(ئەو قسەیە بەو مانایەیەکە خودی فیساگۆرسیش پرسی فیساگۆرسی دەرک نەکردوەو ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ماتماتیکزان نین مایەی دڵگەرمی و ئومێد بەخشە!)

ئەفلاتون بە قووڵی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو وتە بەناوبانگەی فیساگۆرس کە» هەموو شتێک ژمارەیە». ئەو قسەیە کلیکی بیرکردنەوەی فەلسەفی تەواوی فیساگۆرسە کە بەهەمان ئەندازەی کاریگەربوو، قووڵیش بوون، فیساگۆرس پێیوابوو کە لەو دیوی جیهانی شێواوی دیاردەکان، جیهانێکی تر واتە جیهانی ئەبستراکت و هاوئاهەنگی ژمارەکان هەیە، لەراستیدا تێڕوانینی ئەو لە ژمارە لەوەی کە ئێمە بە « وێنە» (یا«سیما») ناوی دەنێین، نزیکترە (بەبڕوای فیساگۆرس ) شتە ماددیەکان لە مادە دروست نەکراون، بەڵکو دوایین بەشەکانیان وێنە-سیماو پێکهاتەکان -ن و

ئەو شتانە لە وێنە یا سیماکان هاتوونەتەکایە . جیهانی ئایدیای ژمارە (یا وێنە) پڕە لە هەماهەنگی و واقیعیترە لە جیهانی بەناو واقیعی، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هۆرمۆنی مۆسیقیی بەرهەمی کاری فیساگۆرس یان فیساگۆرسیەکان بوو، لەژێر رۆشنایی ئەو دۆزینەوەیەدا، تیۆری فیساگۆرس لەمەڕ وێنە (ئاماژە) ئەوەندە دوور لەواقیع بەدی ناکرێ؛ دروست بەهەمان شێوەی کە لەژێر رۆشنایی فیزیکدا دیاردە دەرونیەکانی ئەتۆم، کەلەپشت بە پێناسەگەلی جەوهەری ببەستن، سووک و سادە پەنا دەبەنەبەر ژمارەو خەسڵەتەکانی پەیوەست بە سیما و وێنەوە، ئەو تیۆریە ئەوەندەش دوورنییە لەواقیعیەتەوە، ئەو چەشنە بیرکردنەوە ناوجەهەریە، یەکێک لەتایبەتمەندیە باوەکانی ئەندێشەکاری سەردەمی پێش سوقراتی بوو، بۆنموونە، هراکلیتۆس، موریدی فیساگۆرس (؟)، لەو باوەڕەدا بووکە هەموو شتێک لە تێپەڕبوونی بەردەوام دایە، رایگەیاند کە (هیچ کەس دووجار پێنانێتە نێو رووبارێک.) لەگەڵ ئەوانە هەمووی، سەیر لێرەدایە ئەو قسەیە کە سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی دیموکرتیوس، یەکێکتر لە فەیلەسوفە پێش سوقراتیەکان رادەگەیەنێ، نیشانەی دوورکەوتنەوەیە لە (ئەندێشە)ی (وێنەی پەتی). دیموکریتۆس پێی لەسەر ئەو تێڕوانینەدا گرت کە جیهان لە ئەتۆمەکان پێکهاتووە، ئەو لەراستیدا بەرلە دوو هەزار ساڵ پێش ئەوەی زانایانی ئەمڕۆکە حوکم بدەن کە زۆریش لەسەر هەقە، بەو دەرەنجامە گەیشتوە، هەروەها فەیلەسوفەکان بەهەمان رادە کاتیان بەخەرجدا تا بگەنە هەمان دەرەنجام کە (کسنوفاسن)ی یۆنانی، فەیلەسوفی پێش سوقراتی پێگەیشتبوو،ئەو بەراشکاویەوە رایگەیاند کە :»هیچ کەس زانستی لەبارەی خواکان و هەرشتێکیتر نازانێ و هەرگیزیش نایزانێ، چونکە ئەگەر رێکیشکەوت و کەسێک بەخت یاری بوو و راستی تەواو و سەرلەبەری هێنایە سەر زمان، خۆی لێی بێئاگا دەبێت .» ئەو قسەیە، بەشێویەکی سەیر، هاوشێوەیی هەیە لەگەڵ ئەندێشە گەلێک کە وینگنشتاین لەسەدەی بیستەمدا، خستیە رووەوە. نەریتە فەلسەفە پڕ بارو فرە چەشنیەکە بەو شێوەیە بوو کە ئەفلاتون تیایدا پەروەردە بوو .

## ژیان و بەرهەمەکانی ئەفلاتون

ئەفلاتون لەیاری ململانێ و ئێکوەرانەکردندا کەسێکی بەناوبانگ بوو و ئەو ناوەی کە ئێمە ئەمڕۆ ئەوی پێدەناسینەوەو نازناوێکە کە لە مەیدانی پێشبڕکێی ئێکوەرانەکردندا پێیدراوە، وشەی (ئەفلاتون) واتە پان یا ساف و پێدەچێ لەو بوارەدا مانای یەکەمیان مەبەست بێت،کە ئاماژەکردن بوو بەشانە پان و پۆڕەکانی ئەفلاتون ( یاوەک ئەوەی کە هەندێ لەسەرچاوەکان جەخت دەکەنەوە نێوچاوانی). ئەفلاتون کەلەدایک بوو لەساڵی (428)پێش زانیین، ناوبراو بووئاریستوکلیس . ئەو لە ئەسینا یا لە دوورگەی ئەگینا، کە دروست کەوتۆتە دوازدە میلی کەناری ئەسینا لە کەنداوی سارونیک، چاوی بە جیهان هەڵێنا، ئەفلاتون لەیەکێ لە بنەماڵە گەورەکانی ئەهلی سیاسەتی ئەسینا چاوی کردبووەوە باوکی ئاریستۆن لە نۆرەمەی کدروس، دوایین پادشای ئەسینا و دایکی لە نەوەی سولون یاسادانەری گەورەی ئەسینایی بوو، وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە ئەندامی زیرەکی خێزانە سیاسیەکانن یەکەمین دەسەڵاتخوازی و بەرزە فڕیەکانی ئەفلاتون لەبوارگەلی تری (جگە لە سیاسەت) دەرکەوت، ئەو دووجار لە «یاریەکانی تەنگە»دا(ئەو پێشبڕکێیانەی کە لەتەنگەی کورنێتی یۆنان ئەنجام دەدران ) خەڵاتی ئێکوەرانەی بۆ خۆی دەستەبەرکرد، بەڵام پێناچی، هەرگیز خەڵاتێکی لە یاریەکانی ئولۆمپیک لە ئولۆمپیا بەدەستهێنابێ، لە جیاتیدا، ئەفلاتون کەوتەکار تاکو ببێتە شاعیرێکی گەورەی تراژیدینووس، بەڵام نەیتوانی لە هیچ یەک لە پێشبڕکێ گرنگەکان، سەرنجی داوەرەکان بۆلای خۆی رابکێشێ. دوای نائومێد و ناکامبوونی لەوەدەستهێنانی میدالیای زێرینو پێشبرکێکانی ئولۆمپیک یا دەستەبەرکردنی خەڵاتێک کەلە یۆنانی کۆندا، هاوسەنگی خەڵاتی «نۆبڵ»ی( ئەم سەردەمە بوو )، کەم و زۆر رەزامەندیدا کە تەنها ببێتە پیاوێکی دەوڵەتی، دواتر وەکو دوایین سەرەرۆیی سەردەمی لاوێتی، بڕیاریدا کە شانسی خۆی لە بواری فەلسەفەدا تاقیبکاتەوە و کەوتەرێ تاگوێ بۆ وتەکانی سوقرات رادێرێ، ئەفلاتون هەرلەیەکەم بینینیدا، دڵبەستەی سوقرات بوو، ئەو لەوکاتدا بۆ ماوەی نۆساڵ، ئامادەی دەرس و وتارەکانی مامۆستاکەی خۆی بوو، تا ئەو شوێنەی

توانای هەبوو، ئەندێشەکانی سوقراتی لەنێو زەهن و مێشکی خویدا دەچەسپاندن شێوازی فێرکردنی سوقراتی کە خەسڵەتێکی نەبەردانەی هەبوو، خوێندکارەکەی خۆی ناچارکرد،کە لە هەموو توانا و ئامادەییە ئەقڵیەکانی خۆی بدۆزێـنەوە و لە هەمانکاتدا، روانگەی ئەوی بەرووی بوارە نەدۆزراوەکانی بابەتی (فەلسەفە) دا کردەوە، سوقرات بەشێوازێکی جێگیر لەسەر بنەمای پەیڤین و گفتوگۆکردن دەرسی بە خوێندکارەکانی دەدا؛ شێوازێک کە تیایدا بابەتە جێ باسەکە، هێواش هێواش شرۆڤە و پێناسەدەکرا، ئەو شێوازە بە دیالێکتیک بەناوبانگبوو کەلە وشەیەک لە زمانی یۆنانی کۆندا بەمانای وتووێژ جیاببووەوە (دیالێکتdialect «واتە زاراوە یا شێوەزار و زمان»یش لە هەمان ئەو چاوگەوەیە) سوقرات بەرامبەر (یاخوێندکار)ەکەی خۆی لە هەڤپەیڤنیدا هان دەدا کە پێناسەیەک لە بابەتێکی دیاریکراودا بخاتە روو و ئێنجا دەستی دەکرد بەخستنە ژێر پرسیاری ئەو پێناسەیە و وردەکاری و پشکنینی : کەموکورتی پێناسەکەی دەدۆزیەوە، خاڵە پۆزەتیڤەکانی دیاریدەکردن . زیادکردن و کەمکردن و هەموار کردنی تێدا پێشنیازدەکرد، پانتایی بابەتەکەی فراوان دەکرد و بەو شێوەیە دەچووە پیش . وێناکردنی ماهیەتی زۆر نوێ و تازەی ئەو شێوازە، کەبەقووڵی پشتبەستوو بوو بە عەقڵا، بۆ ئێمە کارێکی سەختە فەلسەفە بەر لە سوقرات یان هیچ سەرۆکاریی بە ئەقڵەوە نەبوو، یان پەیوەندییکی زۆر کەمی لەگەڵدا هەبوو . پێش سوقراتیەکان زیاتر حەزیان لەباس و مشتومڕکردنی بابەتگەلی وەک بوون گەوهەری میتافیزیکی هەموو بوونەوەرەکان یا ماهیەتی بنچینەیی خودی جیهان (بەوردبوونەوە لەو بارەیەی کە جیهان بۆی هەیە لە ئاو یا ئەتۆمەکان پێکهاتبێ ) هەبوو، هەندێ لەو بەڵگە و دیاردانە یا ئەو ناوەڕۆکە جێ سەرنجە لێڵاو پەرشو بڵاوانە بە سنگ فراوانییەوە بەو شێوەیەی کە ئەوان پێیگەیشتبوون، بە چەشنێکی سەیر دروستبوون، بەڵام سوقرات بوو کە بۆی دەرکەوت فەلسەفە ناتوانێ لەو رێڕەوەدا هەنگاو بنێ و بچێتە پێشەوە. فەیلەسوفەکان بەر لەوە جێی گاڵتەو مایەی پێکەنین بوون، بەڵام هیچ بیانووێک نەبوو کە فەلسەفە تا ئەو ئاستە دابەزێ، ئەگەر بڕیار وابووبێ بیرکردنەوەی فەلسەفی لەو حاڵەتە گاڵـتە ئامێزە ئەقڵییە یا دیسان خزانەوە نێو وردبوونەوە لەپرسی ئاینی(کەلەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو ) دەرباز بکرێ، ئەوا پێویستی

بە تێڕوانینێکی وردتر یان تیژبینانەتر هەبوو، شێوازی دیالێکتیی سوقراط ئەو پێویستیەی هێنایەدی ئێستا بەبەرەکەتی زیاتر لە دوو هەزار ساڵی بیرکردنەوەو قوڵبوونەوە و پێداچوونە بەپرسەکان دەتوانین ئەو شێوازە بە پێشەنگی لۆژیک بزانین،کە ئەرستۆ خوێندکاری ئەفلاتون سەدەیەک دواتر نزیکەی ئەوەندە، بنیاتینا.

داهێنانی سوقراط و تێگەیشتنی خوێندکاری ئەو، ئەفلاتون، لەو شێوازە نیشانەی قۆناغێکی چارەنووسساز بوو لە گۆڕانی فەلسەفەدا بۆ دەرکی تەواوی ئەو پێشکەوتنە، تەنها ئەوە پێویستە باسێکی جیدی ئەقڵی وێنا بکەین کە تیایدا هیچ هەوڵێک لە هۆو بەڵگەکاری بوونی نەبێ. ئەفلاتون، گەرچی پیشەی راستەقینەی خۆی دۆزیبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتبووە سەر کە بەرەو رابردووی ناکامانەی خۆی بگەڕێنەوە پێ بنێنە نێو دنیای سیاسەط، خۆشبەختانە رەفتاری دەوڵەتدارانی ئەسینایی، وایان لێکرد کە واز لەو کارەبێنێ، کاتێک کە دوای جەنگی (پلوپونزی) سیکەسی سەرکەشو خاوەن توانا، دەسەڵاتیان گرتە دەسط، دوان لە رێبەرانیان (کریتیاس و خارمیدس) لە خزمە نزیکەکانی ئەفلاتونبوون، حکومەتی ترسو تۆقاندن بەدوای هاتنە سەرکاری ئەوان، دروستبوو، دەیتوانی (ستالین) یا (ماکیاڤلیی) یێکی لاو دروسط بکاط.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتونی نەخستەژێر کاریگەریی خۆیەوە . دوای ئەوەی کە دیموکراتەکان گەیشتنە دەسەڵاط، مامۆستای خۆشەویستی ئەفلاتون واتە» سوقراط»، بە تۆمەتگەلی ساختەکاریی بێ دینی و بۆگەنکردنی لاوان، دادگایی کراو بە مردن حوکمدرا، دوای ئەو رووداوە، دیموکراسی لە دیدی ئەفلاتون دووچاری هەمان کێماسی و هەڵە و چەوتیەکان بووەوە کە لەسەردەمی حکومەتی زۆردارانە هەبوون. پەیوەندیی نزیکی ئەفلاتون لەگەڵ سوقراط، ئەوی خستە نێو هەڵویستێکی ترسناک و ئەفلاتون بەناچاری بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا بینی کەلە ئەسینا باربکا و بڕوا، بەمشێوەیە گەشتەکانی ئەفلاتون دەستیان پێکرد کە دوازدە ساڵن درێژەیان کێشا، ئەو دوای ئەوەی کە لە کۆڕی مامۆستاکەی خۆیدا هەرچی کە توانیبووی فێربوو، ئێستا لە کۆڕی جیهاندا خەریکی کۆکردنەوەو وەدەستهێنانی زانسط و زانیاری بوو، بەڵام لەو رۆژگارەدا، جیهان ئەوەندە فراوان نەبوو و ئەفلاتون لە قۆناغی دەستپێکی تاراوگەیی خۆیدا، بەهاوڕێیەتی برادەری

خۆی «ئەقلیدۆس»ی «میگارایی «، تەنها بیست میل لەو لاتر لە میگارا سەرزەمینیدراوسێی ئەسینا، سەرقاڵی خوێندنەوەوو لێکۆڵینەوە بوو ئەو «ئەقلیدۆس»ە هەمان «ئەقلیدۆسی « زانای ئەندازەو ناودارنەبوو، بەڵکو لە خوێندکارە دێرینەکانی سوقرات بوو کە بەهۆی دیالێکتیکی وردبینانەی خۆی، ناوبانگێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو، ئەقلیدۆس ئەوەندە خولیای سوقرات بوو کە بە جل وبەرگ و رواڵەتی ژنانە، هاتبووە قەڵەمڕەوی ئەسینا کە ئەودەم لەگەڵ «میگار» دا دوژمنایەتی هەبوو، تاکو لە مەراسیمی ناشتنی مامۆستای خۆیدا ئامادەبێت ). ئەفلاتون ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ «ئەقلیدۆس» لە «میگارا» مایەوە دواتر بەرەو (کورنە) کە کەوتۆتەباکووری ئەفریقا کەوتەڕێ تا لەگەڵ «تیۆردۆروس» ماتماتیکزان بە خوێندنەوەوو لێکۆڵینەوە خەریکبێـت، دوای ئەو ماوەیە واپێدەچێ کە ئەفلاتون گە شتێکی بۆ میسرکردبێ بەپێی ریوایەتێکی بەهێز، لەو ماوەیەدا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتەسەرکە دیدار لەگەڵ ژمارەیەک لە «مۆغەکان» لەناوچەکانی رۆژهەڵات لە جێگایەکی دوورە دەست، واتە لە کەنارەکانی رووباری « گەنگ»، کۆتایی پێهێنا، بەڵام ئەو چیرۆکە پێناچی راست بێت . ئەفلاتون رەنگە لە کاتی نیشتەجێبوونی لە «میگارایا» لە ماوەی هەڵوەستەکردنێکی لە گەشتەکانیدا، یەکەمین بەرهەمەکانی خۆی کە ئەمڕۆ لەوەوە لەبەردەستمانە، نووسیبێت، ئەو بەرهەمانە لە قاڵبی گفتوگۆدا نوسراون و زۆر لەژێرکاریگەریی کەسێتیو ئەندێشەی سوقرات دان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون سەرلەبەرنەکەوتۆتەژێر سێبەری سوقرات، ئەو هەڤپەیڤینانە، دروستکراوی مێشکی بیرمەندێکن کە بەتڕۆپکی هەربەرزی پێگەیشتن « کەمال» گەیشتووەوە جگە لە فەلسەفە لە پانتایی ئەدەبیانیشدا بە بەرهەمی مەزن دەژمێردرێن لەبەشێکی زۆری ئەو هەڤپەیڤینانەدا، سوقرات وەک کە سێتی ئەسڵی دەردەکـەوێ، ئەندێشەکانی خۆی دەخاتەڕوو ئەو لەسیمای کەسێکدا کە (بەرامبەرەکانی) دووچـاری تووڕەبوون دەکـرد، مرۆڤێکی باڵا دەست،بەڵام دواجارمایەی رێزو خۆشەویستی وئاوێنەیەکی ئاڵۆز لە کەسێکی گاڵتەبازو (قەدیس)، خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ و بەوشێوەیە کاریگەرییێکی زۆر لە دوای خۆی جێدەهێڵێ، لانی کەم سێ بڕگە لە هەڤپەیڤینە سەرەتاییەکانی ئەفلاتون «بەرگرینامە» و « کرینۆن» و «ئوتیفرۆن» لەگەڵ هەڤپەیڤینی « فایدۆن»،

کە لە ریزی بەرهەمی دوائری ئەفلاتون دایە، ئایبەتن بە دادگاییکردن، دوارۆژەکانی زیندان و سەرەنجام مەرگی سوقراٹ، ئەو رووداوانـە کاریگەرییەکی قووڵیان کردبووە سەر  ئەفلاتون و ئەو وێنایەی کە ئەفلاتون لەوانە دەیانخاتە دەسٹ، بەهاوئای (هۆملیٹ و دۆزەخ)ی دانتە لە ئەدەبیاتی رۆژئـاوا دەژمێردرێن بەرگرییناەمە، دادگاییکردنی سوقراٹ و بەرگریی فەیلەسوفی هەشتا ساڵە لە خۆی لەبەرامبەر خەڵکی ئەسینا، وێنادەکاٹ وتەکانی سوقراٹ بێ زیادەڕۆیی، وەکو بەرگریکردنێکی یاسایی یان تەنانەٹ رازیکەرانە مایەی قبوڵ نین، سوقراٹ زۆر بەبێ بایەخ و سووکگرتنەوە رووبەرورووی ئەو تۆمەئانە بووەوە کە درابوونە پاڵی و چووە سەر بابەتگەلی سەرنجڕاکێشتر ؛ وەکو ئەو پرسەی کە چما ئەو بە زانا دانرابوو،ئەو رایگەیاند کە ژیانی تەنها لە پێناو رۆڵێک یان ئەرکێکدا دەخوڵێتەوە کە (سرۆش دلفی) کە سوقراتی بە زاناترین ئادەمیزادی سەر گۆی زەوی وێناکردبوو پێی راگەیاندبوو سوقراٹ سەرەتا قسەکەی(سرۆش دلفی) بە گومانەوە تەماشا کردبوو،چونکە ئەو هیچ شتێکی نەدەزانی (بانگەشەیەکی نموونە سوقراتی)،بۆیە دەستیکردبوو بە پرسیارکردن لەوانیتر کە بەزانایی ناوبانگی دەرکردبوو، بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەوانیش هیچ نازانن، ئەو نموونەیەکی کلاسیکە لە شێوازی دیالێکتیک بەکارهێنانی فەلسەفە  بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی سەردەم بە گردێک لەوێرانی ئەو شێوازە هاوشێوەییەکی سەیری لەگەڵ شرۆڤەکاریی زمانی «وینگنشتاین» لە فەلسەفەی مۆدێرندا هەیە، راستیەکەی ئەوەیە کە ئەوەی سوقراٹ وەک دەرس دەیوتەوە، زیاتر شێوازێکی فەلسەفی،واتە بیرکردنەوەی رۆشن و شەفاف بوو تا جۆرێک بێ فەلسەفە ئەو شێوازەی تەنها بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بەراستی نەدەزانێ، بەڵکو جگە لەوە وەک چاوگێک بۆ کرداری چاکیش پێدەڕوانی بەدڵنیاییەوە سوقراٹ لەگەڵ ئەو بانگەشەیە سەدەی بیستەمیەی وینگنشاین هاودەنگبوو کە « فەلسەفە تیۆری نییە بەڵکو چالاکییە « تێڕوانینێک وەها بۆشاییەکی بنەڕەتی لە ناواخنی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە خۆی جێدەهێڵێ . چارەنووس وابوو کە ئەفلاتون دوای سوقراٹ بێٹ و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، دوای زیاتر لە دەساڵ گەشتوگوزار، ئەفلاتون گەیشتە «سیسیل»و لەوێ چووە سەیرکردنی چاڵی گڕکانی چیای (ئەتینا)، ئەو گڕکانە بەیەکێ لە شوێنە

سەرنجڕاکێشەکانی گەشت و گوزاری ئەو سەردەم دەژمێردراو هەر تەنها دیاردەیەکی جوگرافیایی نەبوو، خەڵک لەو باوەڕەدا بوون کەگرکانی ئەتینا، شوێنێکە کە هاوشێوەی جیهانی خوارەوە یا جیهانی مردووەکانەو بۆیە سەردانیکردنی ئەوێ، وێنایەکی گشتیی پەندئامێز لە رەوش و بارودۆخی ژیانی دوایی دەداتە دەستەوە، بەڵام چاڵی گڕکانی بۆ ئەفلاتون تەنانەت لەوەش زیاترسەرنجڕاکێش بوو ئەویش بەهۆی پەیوەندیی گڕکانی لەگەڵ (ئیمپدۆکلیس)، فەیلەسوف و شاعیری سەدەی پێنجەمی پێش زانینەوەبوو، ئیمپدۆکلێس خاوەنی توانایەکی ئەقڵی ئەوەندە گەورەبوو، کە سەرەنجام لەوە دڵنیابوو بووە کە لە نێو ریزی خواکان دایە و بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیەی، خۆی فڕێدابووە نێو بڵێسە پڕ لە جۆش و هەڵچووانەی چاڵی ئەو گڕکانەوە، لەو گرنگتر کە ئەفلاتون لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ پەیڕەوەکارانی فیساگۆرسیش -کەلەسەرتاسەری کۆلۆنەکانی ونانی سیسیل و باشووری ئیتاڵیا جێگیر بووبوون- گرێدا، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هەماهەنگی مۆسیقایی لەلایەن فیساگۆرس ئەفلاتون بەرەو لای ئەو باوەڕە رێنوێنی کرد کە کلیلی تێگەیشتنی جیهان لە دەستی ژمارەکاندایە، هەموو شتێک دەتوانێ بەپێی ژمارە کە لە هەرێمێکی ئەبستراکتی ئەو دیو جیهانی رۆژانە جێدەگرێ، دیاری بکەیت، ئەو تیۆرە، کاریگەرییێکی قووڵی خستەسەر ئەفلاتون و گەیشتە ئەو شوێنەی پێی وابوو واقیعیەتی بنچینەیی، بەشێوەیەکی ئەبستراکت (لە ماددە)یە، ئەوەی کەلەسەرەتا بەشێوەی ژمارەکان لای فیساگۆرس دەرکەوت، لەفەلسەفەی ئەفلاتوندا بەشێوەی دیمەن (بەنمونە) یائایدیای پەتی کەوتە ڕوو، هەوێن و بنچینەی فەلسەفەی ئەفلاتون، برینیە لە تیۆری ئایدیاکان یا (دیمەن)ی ئەو کە لە درێژایی ژیانی خۆیدا، دەستی لەپەرەپێدان و رێک و پێککردنی هەڵنەگرت. ئەوە بەو مانایەیە کە تیۆری ئەفلاتون بەچەندین لێکدانەوە و گوزاری جیاجیا گەیشتووەتە دەستی ئێمەوە وبەو تەرزە کەل و پەل و کەرەسەی پێویستی بۆ وتووێژ و مشتومڕ لە بارەیەوە خستووەتە بەردەستی فەیلەسوفانی سەدەکانی دواترەوە (هیچ تێڕوانینێکی فەلسەفی ناتوانێ لەمەڕ مانەوەی خۆیدا ئومێدەوار بێت؛ مەگەر ئەوەی کە بوارێکی بۆ باسو مشتومڕ لەو بارەیەوە کە شێوازی پێویستی شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو تێڕوانینە فەلسەفە چییە، هەبێت). باشترین

خستنەڕووی تیۆری ئەفلاتون، لە خودی خۆیەوەیە (ئەو ڕەوشە لە فەلسەفەدا هەروەک کە جێیەکانیتر هەمیشە بەرقەرار نییە) زۆر بەداخەوە، ئەو دەرخستنەی ئەفلاتون، لەقاڵبی وێناکردنێکدا بەرجەستە دەبێ کەزیاتر ئەوە لە پانتایی و بواری ئەدەبیاتدا جێدەکاتەوە تا فەلسەفە بە کورتی ئەفلاتون ڕوونی دەکاتەوە کە مرۆڤەکان زیاتر وەک بڵێی لەئەشکەوتێک (ژێر زەمینێک)ی تاریکدا دەژین، ئەو دەڵێ کە ئێمە (لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا) بە زنجیر بەستراوینەتەوەو روخسارمان ڕووەو دیوارێکی ڕووت و بەتاڵە و لە پشت سەرمانەوە، ئاگرێک کراوەتەوە، هەموو ئەوەی کە ئێمە دەیبینین، سێبەری جووڵەدارە کەلەسەر دیواری ئەشکەوتەکەدا بەدیدەکرێ و ئێمە ئەو سێبەرانە بەشتی واقیعی یا(ڕاستەقینە) لێکدەدەینەوە لە نێو ئەشکەوتەکە ڕابکەین، دەتوانین ئومێدەوار بین کە ڕۆشنایی ڕاستی واقیعیەت یان(حەقیقەت) ببینین، بەزمانێکی فەلسەفیتر، ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بوو کە هەرچیەک ئێمە لە ئەزموونی ڕۆژانە و دەوروبەری خۆماندا، تێیدەگەین، پێڵاوەکان، کەشتەیکان، ئەو مۆمەی بۆ مۆر و مۆمکردن بەکاردەهێندرێ و مرۆڤگەلی بێ‌ناو هیچ ناو پاشاکان- تەنها دیمەن و روخساری رواڵەتین نەک (بوون) واقیعیەتی ڕاستەقینە، دنیای ئایدیاکان یان دیمەن یان (وێنە)ن کە ئەو ڕواڵەت و جیلوانە لەوێوە سەرچاوە دەگرن، بەمپێیە دەشێ بڵێین کە ئەسپێکی ڕەشی دیاریکراو، جیلوە یا ڕواڵەتی خۆی لە ئایدیا یا نموونەی گشتی ئەسپ و نموونەی دەشێتی وە دەست دێنێ، جیهانی مادی کە ئێمە بە یارمەتی هەستی خۆمان دەرکی دەکەین بەشێوەیەکی گشتی، مایەی گۆڕانە لە جیاتیدا چوارچێوەو کەوشەنی گشتی ئایدیاکان، کە عەقڵ دەرکی دەکات، لە گۆڕانە هاتوو و هەمیشەییە، هەر ئایدیا یان نموونەیەک وەکو ئایدیای گۆییبوون، مرۆڤ، ڕەنگ، جوانی و نموونەی لەو جۆرە وەک ئولگۆ یان سەر مەشقی شتە بچوکەکانی جیهانن، بەڵام شتە بچوکەکان، ناتەواوی ناتەواون و کۆپی بەردەوام لە گۆڕانی ئەو ئایدیا گشتیانەن، ئێمە دەتوانین بە بەهرەگیری لەبەشی ئەقڵانی ڕۆح، تیڕوانینی خۆمان سەبارەت بەو ئایدیا گشتیانە چاکسازی و هەموار بکەین و کەم کەم بگەینە دەرککردنی باشتریان، بەم تەرزە، ئەو توانایە پەیدا دەکەین لە واقیعیەت یا حەقیقەتی بنچینەیی ڕۆشنایی ڕۆژ، کەلەودیو ئەشکەوتی تاریکی

جیهانی ڕۆژانەی ئێمەدا نزیک ببینەوە،قەڵەمڕەوی ئایدیا گشتیەکانی خاوەنی زنجیرەیەک پایەیە کە لەدیمەنی بچوکتر (لەپایەی نزم)دا دەست پێدەکاو بە ئایدیای ئەبستراکتی باشتر (لەپایەی بەرز)دا لە سەرووی هەموویاندا ئایدیای چاکە بەدی دەکرێت کۆتایی دێت، ئەو کاتەی فێر بووین رووله جیهانی هەمیشە لە گۆڕانی بەشەکان (جزئیات) وەرگێڕبن وسەرنجی خۆمان بدەینە حەقیقەتی هەمیشەیی ئایدیاکان ئەوکات تێگەیشتنمان ئەو توانایە پەیدا دەکات،کە هێواش هێواش بەپلیکانەی زنجیرەی پلە و کاستەکانی ئایدیاکاندا هەڵگەڕێ تا بگات بەبەرزترین پلەی دەرک،واتە دەرکی عیرفانیی ئایدیای جوانەکان حەقیقەت و دواجار ئایدیای چاکەکاری، ئەو پرسە ئێمە بەرەو فەلسەفەی ئەخلاقی ئەفلاتون ڕێنوێنی دەکات بەبایەخ و سەرنجدان بە جیهانی بەشەکان، دوایین شتێ کە دەتوانین بەدیی بکەین، چاکەی ڕواڵەتییە، تەنها بە یارمەتی ئەقڵە کە ئەو توانایە پەیدا دەکەین بەرچاو روونییەکی تەواو دەربارەی ئایدیای چاکەکاری -کە پلەوپایەیەکی بڵند تری هەیە- وە دەستدێنین، لێرەدا ئەفلاتون ئەخلاقێکی جێگیر لەسەر بنەمای رۆشبینیی روحانی بانگەشە دەکات،نەک هیچ جۆرە پرەنسیپێکی رەفتاریی دیاریکراو، جگە لەوە تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتون، بەهۆی بێ بەهرەییلە (خەسڵەت) ی پراکتیکیانە (Practicality) کەوتۆتە بەر رەخنە، گوتراوە کە بەپێشتبەستن بە قسەی خودی ئەفلاتون، هەموو ئەوەی ئەو وێنای دەکات، تەنها ئایدیای جیهانە نەک خودی جیهان، هەندێکیتر، وای ڕادەگەیەنن کە جیهانی ئایدیاکانی ئەفلاتون، تەنها لە زەهندا هەیە و پەیوەندیکی زۆر کەمی بەو جیهانەوە هەیە کە ئەو ئایدیایانەی لێوە بەرهەم هاتوون، لەلایەکی دیکە، سروشتی لەبنچینە بەزر یان سروشتی فەلسەفە، ئەو تواناو قابلیەتەی هەبوو کە زۆرێک لە ئەندێشەکانی، دواتر ببنە مایەی پەسەند و قبوڵی مەسیحیەت، وەک نموونە، تیۆری ئەفلاتون لەبارەی دروستبوونی جیهان، لەگەڵ ریوایەتی دروستبوون (خلیقەت) لەروانگەی یەهودی -مەسیحی هاوارو هاوشێوە بوو، بەقسەی ئەفلاتون «باوک و دروستکەر، ئافەریدەیەکی زیندوو و جووڵەداری لە شێوەی خوایانی نەمر دروستکرد، کاتێ کە ئەو سەیری ئەو ئافەریدەیەی کرد، زۆر شادمان و دڵخۆش بوو و وای بەباشزانی تەنانەت زیاتر لە ئەسڵەکە بچێت، لەو

رووەوە کە ئەسڵ (یا سەر مەشق)ی ئەو ئافەریدە نەمرو هەمیشەیی بوو، هەوڵیدا تا دەکرێ جیهان نەمرانە دروست بکات، بەمشێوەیە، دیمەنێکی جووڵەداری لە نەمریدا ئافراند، ئەوکات کە ئەو ئاسمانی چێکرد،ئەو دیمەنەی، نەمرانە، بەڵام جووڵەدار و هاوجووت لەگەڵ ژمارەکاندا دروستکرد . ئەمە جیاوازە لەگەڵ نەمریدا کە ئاقانە و بێ جووڵەیە، ئەو دیمەنە جوڵەدارە، هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە پێیدەڵێن زەمان «. ئەوەی کەلەو ئابلۆیەدا دەردەکەوێ، ئاڕادەیەک هاوشێوەی دەنگدانەوەی ئەبستراکتە لە (سفری دروستبوون )ی (تـەورات)، ( کەنزیکەی هەشت سەدساڵ بەر لە چەمکی فیساگۆرس کە ئەو ئابلۆیە سەرچاوەی لێوەگرتووە، نووسراوبوو ) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرخستنەی کە ئەفلاتون لێرە لە زەمان دەیخانە روو ( دیمەنێکی جووڵەدار لە نەمری ) باڵاتر لە دەرخستنێکی ئایینی قووڵ ( وزیاتر لە دەرخستنێکی بێ ئەندازە جوان )ە، ئەو دەرخستنە ئیۆرێکی فەلسەفی ناوەرۆکدار پڕ بەها یە، دەرخستنی ئەفلاتون لە زەمان « کات» بەشێوەیەکی مایەی قبوڵ، جیهانی ژمارەیی بەشەکان کە ئێمەی تیادا دەژین، لەگەڵ یەکێتی هەمیشەیی جیهانی ئایدیاکان پێکەوە دەبەستێتەوە، کات « زەمان» هەمیشە یەکێ لەئاڵۆزترینی چەمکەکان بووەکە فەیلەسوفەکان سەروکاریان لەگەڵدا هەبووە، ئەمەو ئەو چەمکە لەو چەمکانەیە کە کەمترین سوود و قازانجی هەبووبێ، هەمووومان دەزانین زەمان چییە و زەمان ئەوە لەو لاوە بوەستێ،کە ئێمە چی لەبارەوە دەڵێین، بێ راوەستان لەرەوت و رەودایە، هەمووومان پێمان وایە کە دەزانین زەمان چییە، بەڵام بەرادەیەک دژوارە سەختە کە بەگوزارشت و دەربڕینیکیدا وێنای بکەین کە بێ مانا ( بۆ نموونە : « زەمان بریتیە لەبەردەوامێکی» یان بێ ناوەڕۆک و بێ مایە ( بۆ نموونە: زەمان لە رووبارێک زیاتر نییە کەمن بۆ راوە ماسی دەچمە نێویەوە « __ئارۆ__ شاعیری ئەمریکای ) نەبێت .

دەرخستنی ئەفلاتون (سەبارەت بە زەمـان)، وێناکردنێکی شاعیرانەو فەلسەفی دەستی یەکەمی بوو کە نەک هەر کۆکبوو لەگەڵ ئیۆری ئایدیاکانی ئەو؛ بەڵکو جگەلەوە وەکو کۆڵەگەی بنچینەیی بەشە بچوکەکانی ئەو ئیۆریەی پێکەوە پەیوەست دەکردو یەکپارچەی دەکرد، بەرجەستە بوو و دەرکەوت (ئەو دەرخستنە « چەرخێکی بەجێ و ورد « ناودێرکراوە کە « جووڵەکەی هەموو

بەشەکان وەک گشتێک دەخاتە جووڵەوە .»،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وێنا میکانیستیو تیژبینانە، وردبینانە نییە، چونکە جیهانی ئایدیا ئەبستراکتەکان، جووڵە و گۆڕان لە خۆناگرێ و بەدەستی زەمان، ناکەوێتە جووڵەوە ).

لەرۆژگاری ئەفلاتونەوە تا ئەمڕۆ، ژمارەیەک بەپەنجەی دەست دەژمێردرێ، دەرخستنێکی جیاوازیان لەبارەی (زەمان) خستووەتە بەردەست،حەفت سەدە ( لەرۆژگاری ئەفلاتونەوە) تێپەڕی تا ئەوەی (ئەگوستین)ی کەشیش، تیۆرێکی خستەڕوو کە لەهێزو بەرجەستەییدا، هاوتای تیۆری ئەفلاتونبوو، بەبڕوای ئەو، زەمان تەنها رووی زەهنی بنەڕەت (subjective) یا زەهنی دیدی ئێمەیە بۆ جیهان، ئەو تێورە لە بنچینەدا هەمان تیۆری ئەفلاتونە کە سیمای دەروونی یا زهنی بەخۆوە گرتووە، لەماوەی پازدە سەدەکە لە رۆژگاری کەشیش ئەگوستین تێپەڕیوە، تەنها هەر دەرخستنی کانت سەبارەت بە زەمان، هاوشێوەو هاوسەنگی تیۆری کەشیش ئەگوستنە؛ ئەو دەرخستنەش خەسڵەتێکی زەهنی هەیە ( ئەمە لە: کاتێکدا کە بە روونی وا پێدەچێ کە زەمان ئاوا نییە ) کانت لەبنەڕەتدا لەو باوەڕەبوو کە زەمان بەشێکە لە دەزگای تێگەیشتنیدا (ادراک) ی ئێمە کە لەرێگەی ئەوەوە، جیهان ودەرک دەکەین .( دەزگای تێگەیشتنی ئێمە وەکو چاویلکەیەکە کە هیچ کات لەچاوی خۆمانی ناکەینەوە ). لەگەڵ ئەم هەموشدا، ئەوە دەرخستنی ئەفلاتونە کە هێشتا لە هەموو تیۆرێکیتر زیاتر، لەگەڵ تازەترین تیۆرەزانستیەکانی بواری (زەمان)دا پێشبڕکێ دەکات (ئەوکاتەی کە ( دروستکەر) (واتە پەروەردگار) ئاسمانی خستەسەرپێ، ئەوا وێنای نەمرانە، بەڵام جوڵەدار بەپێی ژمارەکان دروست کرد)، بەواتایەکیتر زەمان و جیهان، هاوکات دروست بوون، ئەو قسەیە لەگەڵ تیۆری « تەقینەوەی گەورە( Big Bang ) تیۆرێک کە بەگوێرەیەوە، تەقینەوەیەکی گەورە بۆتە هۆی فۆرمەڵەبوونی جیهان «و .ف») کۆکە؛ تیۆرێک کە دەڵێ ئێمە ناتوانین لە (پێش) تەقینەوەی گەورە قسەبکەین ؛ چونکە لەو کاتەدا « زەمان» ێک لەکاردا نەبووە، زانست و فەلسەفە ئەو رێگایەن کە لێیانەوە لە جیهان بڕوانرێ کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ یەکتر جیاوازن : ئەم دووانە (واتە زانست و فەلسەفە) بێ چەندو چوون لەیەک جیان، وەک چۆن (برناردۆ ماندویل)

دەڵێ «یەکێک لەگەڵ ئەوەی کە هەیە سەروکاری هەیە و ئەوەی دی دەپرسێ بۆچی وەهایە « بەم پێیە، ئەوکاتەی کە زانست و فەلسەفە پێکەوە سازانو رێککەوتن، هەمیشە دڵنیاکەرانەیە، کاتێکیش کە فەلسەفەی جێی باس، پەیوەست بێ بە قۆناغێک لە زانست کە تیایدا بەهێزترین فۆرمی ئەنێرژی جووڵەدار (هێزیکار) ی کۆیلەکان بوو، ئاکە کارێک کە بشێ بکرێ، ئەوەیە کە پەنجەی سەرسوڕمان بگەزین .

ئەفلاتون ئەو دەمەی لە «سیسیل» بەسەری دەبرد، دۆستایەتێیکی گەرم و دڵسۆزانەی لەگەڵ « دیون»، ژن برای « دیونوسیوس» فەرمانڕەوای سیراکوس پەیدا کرد، دیون، دۆستە ئازەکەی خۆی بردە لای «دیونوسیوس»، رەنگە بەو ئومێدە بۆ ئەوێی برد بێ کە پۆستێکی وەکو فەیلەسوفی نیشتەجێی دەربار بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام ئەفلاتون هەرچەند گەشتو گوزاری زۆری بۆ گۆشەوکەناری دنیا ئەنجامدا بوو، ئاڕادەیەکی زۆر هێشتا هەروەک ئەرستۆکراتێکی ئەسینایی مابووەوەو دابونەریتی ئەنگبینانەی دەرباری «سیراکوس»ی نەکەوتە بەردڵ و سەرنجی رانەکێشا، دیونوسیوس پلەدارێکی لەشکری و فەرماندەیەکی زۆردار بوو کەلە ئەدەبیشدا خۆیی بە ئەدیبێکی بەرزەفڕ دەزانی و پێیوابوو یەکێک لە دوولە هاوسەردەمەکانی خۆیەتی، ئەو دوو ژنی بەناوەکانی « دوریس»و «ئاریستوماخ»بەیەک رۆژ خواستن و کردنیەبووکی یەک شەو پێکەوە هاونوێنی دەکردن، کاتێ ئەفلاتون هاتە نێو کوڕی دانیشتنی ئەوێ، واپێدەچێ رەوشەکە ئارام بووبێ بە لەبەرچاوگرتنی وێناکردنی ئەوەوە رەوش و بارودۆخەکە زۆر خۆشتر هەستی پێدەکرا؛ ئەنانەت ئەگەر ئەو (بشڵێ) « زەوق و سەلیقە و پەسەندکاریەکانی کۆمەڵگەیەکی عەلاقەمەند بە خواردنی ئیتاڵیاییدا، هیچ شتێکم نەبینی کە من رازی بکات؛ جێیەک کە بەختەوەری وا لێکدەدرایەوە کە رۆژی دووجار ئارەپ دەبێ خواردن بخۆی و شەوان هەرگیز بە ئەنێ نەخەوی» .

وەک دەردەکەوێ، ئەمانە بەلای ئەفلاتونی ئەمەن چل ساڵ شتگەلێکی زۆر پڕوپووچ و ماندووکەرانە بوون، ئەفلاتونێک کە سەختگیریە ئەسینابییەکەی هەرزوو ئووڕەیی دیونوسیوسی وروژاند، دیونوسیوس لەسەرەتای ئەمەنیدا، لەپۆستی نووسەریی لە دەزگای ئیداری دەوڵەتدا دەستی بەکارکردبوو، بەڵام

هەر لەو دەمەدا توانی درەوشاوەی شیعری تیا بەرچاو بوو، ناوبراو دواتر پلە سەربازیەکانی یەکبەدوای یەکدا بڕی بوون و لەهەمانکاتدا، چەند تراژیدیایەکی بەشیعرهۆنیبوونەوە،کەبەهایەکی بێ هاوتایان هەبوو (وەک هەموو ئەفسەرانی بەر فەرمانی ئەوگەوا هی ئەوە دەدەن) دیونوسیوسی دوای گەیشتن بەدەسەڵاتی بەزنجیرەیەک (فتوحات)ی دڕاندنە، سیراکوسی بۆ بەهێزترین شاری یۆنانی لەرۆژئاوای ئیتاڵیا گۆڕی، ئەسینابیەکان، بۆ ئەهەموارکردنی پەیوەندیی «دیپلۆماتیکیانە»، «دیونوسیوسیان» دڵنیاکردەوە کە شانۆنامەکەی لەژێر ناوی (فدیەی هیگتۆر) لە فیستڤاڵی لێنا خەڵاتەکەی بۆ خۆبردووە، دیونوسیوس لەو کەسانە نەبوو لە خۆی بوەشێنێتەوە مل بۆ پیاوێکی سەرخڕی فەیلەسوف کەچ بکا،کە هەوڵیدەدا پۆستێک لە دەربارەی ئەو بۆ خۆی وە دەست بێنێ، کاتێ: کە ئەو و ئەفلاتون کەوتنە باس و مشتومڕی فەلسەفی، یەکسەر یەکەمین پروشکەکان ئاشکرابوون، ئەفلاتون لە کاتی مشتومڕدا لە شوێنێک بینی ناچارە هەڵەیەکی ئەندێشەی دیونوسیوس باس بکات و لەو هەڵەیە ئاگاداری بکاتەوە، دیونوسیوس بە نەفرەت و بێزاریەوە هاواری کرد» وەک پیرێکی خەڵەفاو قسەدەکەیت «. ئەفلاتون لە وەڵامدا وتی:» تۆش وەک فەرمانڕەوایەکی ستەمکار قسە دەکەیت»، ئێنجا دیونوسیوس بڕیاریدا بەپێی دەربڕینی فەیلەسوف رەفتاربکا و فەرمانیدا کە بە زنجیر ببیەستنەوە، ئەفلاتون خرایە نێو کەشتییێکی (ئەسپارتی) کە بەرەو « ئەگینا» دەچوو : جێیەک کە فەرمان بە کەشتیوانەکە درا بوو ئەفلاتونی تیادا وەکو کۆیلە بفرۆشی . دیونوسیوس بە کەشتیوانەکەی وت :نیگەران مەبە، ئەو بەئەندازەیەک فەیلەسوفەکە تەنانەت ناشزانێ «هەندێ سەرچاوە، ئەوە دەڵێن کەلەو کاتەدا، ژیانی ئەفلاتون کەوتۆتە مەترسیەوە، بەڵام ئەو راستیەی کە ئەو بۆ ئەگینا رەوانەکرا، لەخۆگری شتێکیترەو ئەوەنیشاندەدا کەلەوانەیە ئەو دوورگەیە زێدی لە دایکبوونی ئەفلاتون بووبێ نەک ئەسینا، گەڕاندنەوەی ئەفلاتون بۆ زێدی خۆی وەکو کۆیلەیەک تەواو ئەو جۆرە سووکایەتیپێکردنەبوو کە بۆ دیونوسیوس تام و چێژی خۆی هەبوو، جگە لەوە دیونوسیوس دەیتوانی کەم وزۆر دڵنیابێ کە دۆستێکی دەوڵەمەندی، ئەفلاتون بناسێتەوە بیکڕێ و بەمشێوەیە (خۆی)، ببێتە رێگر لەبەردەم ئاکامی خراپی دیپلۆماتیکیانەی ئەو کێشەیە لەپەیوەندیەکانی

لەگەڵ ئەسینادا، نەخشەکەی دیونوسیوس، تەواو وەک خۆی داینا بوو هاتەدی، ئەفلاتون تووشی ترس و هەراسێکی پڕ ئازار بووەوە،(بیرکردنەوە لەوەی کە ناچار بێت بۆ بوونەوەرێکی زیندوو کاربکەیت، بەس بوو بۆ ئەوەی کە دڵی هەر فەیلەسوفێکی راستەقینە بخاتە لەرزەوە) زۆری پێنەچوو کە دۆستی دێرین و دەوڵەمەندی ئەفلاتون «ئانیکریس کورنایی»، ئەفلاتونی لەبازاڕی کۆیلە فرۆشانی ئەگینا دۆزیەوەو بە نرخێکی هەرزانی بیست (مینە MINE، یەکەی دراوی یۆنان) ئەوی کڕی، ئاینکریس ئەوەندە لەدیتنی فەیلەسوفی هەرزان فرۆشی خۆی، شادمان بوو کە ئەوەی بەپارەوپوولێکی تەواو بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەک رەوانەی ئەسیناکردەوە، ئەفلاتون ساڵی (386)ی پێش زایین، پارچە زەوییەکی لەباخی ئەکادیمیا کڕی، ئەو شوێنە کەوتبووە، یەک میل باکوری رۆژئاوای ئەسینا (یا لەو دەوروبەرە) و ئەو دیو دەروازەی ئەریای، لەنێوان دیوارەکانی شاری کۆندا، باغی ئەکادیمیا، فەزایەکی سەوزە بوو کە لەم لاو ئەولایدا درەختەکان باڵایان بۆ ئاسمان بەرزببوەوەو لەژێر سێبەری ئەو درەختانەدا پەیکەرو پەرستگە ئارامیان گرتبوو، لێرەدا لەنێو ئەو رێو بانی و گوزەرگا فێنکانەی باغ و جۆگە و جۆبارە نەجوا گەرانەدا، ئەفلاتون ئەکادیمیایەکی بنیاتناو دەستەیەک پەیڕەوکارو موریدی لەدەوردا کۆبوونەوەکە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی چەند ژنێکیش دەبیندران لە نێویاندا «ئەکسیوتیا»بوو کە وەکو پیاوان جل وبەرگی دەپۆشی ئەکادیمیا دەکرێ بە یەکەمین زانکۆ دابندرێ، باغی ئەکادیمیا کە ئەفلاتون لەوێدا ئەکادیمیایەکی بنیاتنا (فێرگە) ی (ئەو)، ناوی خۆی لەوەوە وەرگرتووە ) بەهۆی نیشتەجێی کەسێکی پێشترەوە، ئەو ناوەی بەخۆدەگرت : ناوی ئەو کەسە (هەکادیمۆس)، قارەمانی نیمچە خوای گومنا و لە ئەفسانەی (ئاتێکی) بوو. بەرهەمم داهێنانی گرنگی هەکادێمۆس ئەوە بوو، کە لێرەدادوازدە درەختی زەیتوونی چاندووە کە بریتیبوون لە لقە نەورەسەکانی درەختی زەیتوونی پیرۆزی ئەسینا لە ئاکرپۆلس. بەمشێوەیە، کاتێک ئەفلاتون ئەو شوێنەی هەڵبژارد ئەوەی لێکەوتەوەکە تا ئەمڕۆکەش لەسەرانسەری جیهانی شارستانیدا یادی ناوی هەکادیمۆس دەکرێتەوە و گوزارشتی ئێمە لەناوی ئەو خەملاندن و رازاندنەوەی هەموو شتێک بێت : لە کۆلێژە حسابدرایەکانەوە بگرە تا سینەماکان، یەکێک لە

تیپەوەرزشیەکانی تۆپی پێی سکۆتلەندی وخەڵاتە ساڵنەییەکان بۆ کەسانی نیمچە خوایی هاوشێوە کە دەسنکەوت و بەرهەمی گومناویان هەبووە، ئەمڕۆکە باغی ئەکادیمیا، پارچە زەوێیکی وشک وبرینگ و پان و بەرینە لە باکووری رۆژئاوای ئەسینا ؛ جێیەک کە بەشەکانی ناوەوەی شار، بەشێوەیەکی ناهەماهەنگ و ناهاوسەنگ، لە دەوروبەری شاردا پەیتا پەیتا لە فراوانبووندان، ژێر درەختەکان، رۆحی ویستگەکانی ئوتوبووس،بەردە پەرش و بڵاوبووەکانی سەردەمی کۆن، گۆفەکی زبڵ وخاشاکی ماڵان کە لێک لێکەروو دەکرێنە سەر یەک و چەند کورسی و تەختەی لەسەر دانیشتن کە رووکرای سەرەوەیان بە دروشم و نووسینی هەمە جۆرە داپۆشراوە، بەرچاو دەکەون، شوێنی ئەکادیمیا ئەفلاتون و ئەو ماڵەی کە ئەوی تێداژیاوە، دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە بۆ هەمیشە لەنێو چوون، سەیر ئەوەیە کە خانووەکەی هەکادێمۆس هێشتا هەر لە جێی خۆی ماوە، ینمچێک لە «ئەرزیر» (کە مادەیەکی فلزیە و لەزیونەرمتر وەک) کە دێرینەناسان بۆ پاراستن دروستیان کردووە، دەتوانی بەردی دیوارەکانی خانووەکە کە لە مادەیگڵی سوورکراوەن و خزاونەتە بەردیدەی بینەران و هەروەها پاشماوەی دیوارەکانی لەخشتی گڵ دروستکراون،تەماشا بکەیت ؛ ئەو پاشماوانە کەلەکاتی دامەزراندنی ئەکادیمیا بەدەسەتی ئەفلاتون نزیکەی دووهەزار ساڵ دەبوو دروست کرابوون، واپێدەچێ کە هەکادێمۆس خاوەنی توانستێکی سەیرو نەمرانە بووبێت.

لەونێوەدا، دروست ئەو دیوە زەویە رەقەنەکە ئوردوگایەکی نوێی هەبوو کە هەلومەرجێکی ئیادا بەرقەراربوو،ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ هەلومەرج و رەوشی خانووی پێش مێژووی هەکادێمۆس، دوای پتر لە چوار هەزار ساڵ هێشتا وەک خۆی ماوە، منداڵانی ئاوارەکە سەریان تاشراوە، لەنێو شوێنەکانی نیشتەجێ بوونیان کە وەکو ژوورۆچکەی لە مقەبا دروستکراو لەنێو گۆماوی ئاوی وەستاو، لەژێر تیشکی گەرمەوداغی هەتاو، لەژێر شرغەی مێشوولاندا، سەرگەرمی یاریکردنن و لەهەمانکاتدا، دایکەکانیان کەلەچکیان بەسەرەوەیە، بەشێوەی بازنەیی لەنێو زبڵخانەکاندا دانیشتوون و شیر دەدەنە زارۆ رووت و رەجاڵ و رەش و شین دا گەڕاوەکانیان . « دادگەری چییە؟ « فلاتون ئەم پرسیارە لە « کۆمار» بەناوبانگترین بەرهەمی خۆیدا، دەخاتە روو، ئەو لەو هەڤپەیڤینەدا، سوقرات و

کۆمەڵێک کەسێتر بۆ نانخواردن لەماڵی ئەرستۆکراسیانەی یەکێ لە خاوەن پارەو زێرو زیوەکان کە ئەو دەم خانەنشین ببوو کۆدەکاتەوە، کاتێک کە سوقرات جڵەوی ئاخافتن دەگرێتە دەست، ئامادەبووانی کۆڕەکە، لەسەر ئەو خاڵە رێککەوتوون کە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی دادگەری ئەنجامێکی نییە، مەگەر ئەوەی کە ئەو باسە لە بوارو بیاڤێکی فراوانتر، واتە لە کۆمەڵگەدا پێناسە بکەین، بەمشێوەیە سوقرات دەست بەکار دەبێ تا تێڕوانینی خۆی لەبارەی کۆمەڵگەیەکی خاوەن دادگەری شیبکاتەوە، بەگشتی پەیڤەکانی هەوەڵ کە بەپێنووسی ئەفلاتون نووسراون، بەڵام ئەسێرەکەیان سوقراتە، بەبیرو ئەندێشەکانی سوقرات دەزاندرێن ئەو ئەندێشانە لە پەیڤەکانی قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی دواییدا، گۆڕانیان بەسەردا دێ و ئەو ئەندێشانەی کە سوقرات لەوبەرهەمەدا دەیانخاتەروو، بەهی ئەفلاتون لێکدەدرێنەوە (کۆمار) باشترین هەڤپەیڤینە لەنێو هەڤپەیڤینەکانی قۆناغی ناوەڕاست و ئەفلاتون (لەو بەرهەمەدا) لەکاتی خستنەڕووی رێنوێنی و رێچارەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی دادگەرانە ئەندێشەکانی خۆی لە بواری بابەتگەلی پڕ رەهەندو فراوانی وەکو ئازادیی دەربڕین، فێمنسیزم، کۆنترۆڵکردنی زاوزێد، ئەخلاقی گشتیو کەسی، ئەوەی پەیوەست دەبێ بەدایک و باوکمان (Parenthood) دەروونناسی پەروەردەو فێرکردن، خاوەندارێتی گشتی و تایبەتی و زۆربابەتی دیکە دەخاتەڕوو، ئەو بابەتانە دروست لە هەمان ئەو جۆرە بابەتانەن کە لەمیوانداریییکی نانخواردنی ئاوا دڵگیردا زەحمەتە بتوانی باسیان لێوە نەکەین و خۆ لە قسە لەسەر کردنیان ببوێری، بەڵام هەر زوو ئەوە تێبینی دەکەین کە « کۆمار» میوانداریییکی دڵگیر نەبووە و ئەو کۆمەڵگەیەشی کە پێشنیازی دەکرد، ئەوەندە نەدەکەوتە بەردڵ، دەتوانین بڵێین هەموو تێڕوانینەکانی ئەفلاتون لە بواری بابەتە باسکراوەکان، زۆر جیاواز لەو بیروباوەڕانەی کە لەم رۆژانەدا هەمووان جگە لە کەسانی زۆر دەمارگیر و کەم سەلیقە باوەڕیان پێی هەیە، لە کۆماری ئایدیالی ئەفلاتوندا، نەهەواڵێک لەپارەو دارایی هەیە و نە لە ژن و مێردایەتی (مەگەر لەنێو چیینە هەژارەکان،کە رەنگە هەر تەنها ئەوانە ئەو خەڵکە بن شایستەی ئەو شتانەبن ) منداڵان، یەکسەر دوای لەدایکبوون، لەدایکەکانیان وەردەگیرێن و بەشێوەیکی سۆسیالیستیانە، دەخرێنەبەر پەروەردە و فێرکردنەوە،

بەمشێوەیە، ئەوان دەگەنە شوێنێک کە وڵاث (کۆمەڵگە و دەوڵەث، حکومەث ) وەکو دایکو باوکی خۆیان بزانن‌و هەموو هاودەم و هاوتەمەنەکانیان، دەبنە براو خوشکی ئەوان، تا تەمەنی بیست ساڵی وەرزش و مۆسیقای وروژێنەرانەیان فێردەکەن (هیچ چەشنە مۆسیقایەکی ئەیونیایی یالیدیای ڕێگەی پێنادرێ و تەنها مارشە سەربازییەکان بۆ گۆشکردنی ئازایەتی و ئەڤینی نیشتمان ڕێگەپێدراون ) هەموو ئەمانە، مرۆڤ دەخەنە بیرکردنەوە دەربارەی سەردەمی منداڵێتی خودی ئەفلاتون، لەپێش ڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەدا (دیوگنس لایوتیوس) ئێمە ئاگاداردەکاتەوە کە باوکی ئەفلاتون،» عەشقێکی سوونێنەرانە»ی بۆ دایکی ئەفلاتون هەبووە، بەڵام (( نەیتوانی ئەو بکاتە هی خۆی) ئەگەر چی ئەفلاتون بەئەگەری زۆر بەهێز و نزیک دڵنیایی، ڕۆڵەی مەشروعی دایک وباوکی بووە، بەڵام واپێدەچێ کە دایکی بەسەر مێردێکی تری هەڵبژاردبێ و ئەفلاتون، دەتوانین بڵێین و دڵنیابین بەم تەرزە، رەنگە مایەی سەر سوڕمان بێث کە ئەفلاتون سۆز و عەلاقەیەکی ئەوتۆی سەبارەث بە ژیانی خێزانی خۆی لە خۆدا هەست پێنەدەکرد لە (نموونە شار) ی ئەفلاتوندا، ئەوانەی کە لەبواری پەروەردە و راهێنانی جەستەیی و مۆسیقایی خۆیاندا، سوودێکی کەمیان وەردەگرث و دەرک و تێگەیشتینان کەم بوو، لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەبێژنگ دەدران و لەوانی دی جیادەکرانەوە، ئەمانە بۆ ئەنجامدانی کاری نزمتری وەکو دابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە لەرێی کشتوکاڵ و کەسایەتی رەوانە دەکران، لەوتێوەدا، خوێندکارانی زیرەک و نموونەیی لەدرێژەی (خوێندنی خۆیاندا) بۆ ماوەی دەساڵ، سەرقاڵی خوێندن و موتاڵاکردنی بیرکاری، ئەندازیاری و ئەستێرەناسی دەبن، دەستەیەکی تر لەشکستخواردووەکان کە ماتماتێک مێشکیانی تێکداوە بۆ کاروباری پاسەوانی و پاراستن دەنێردرێن، ئێستا تەنها هەر بژاردەکان دەمێننەوە، ئەوان بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتە تا تەمەنی سی وپێنج ساڵی بوار وەردەگرن کە شانازیی مەزنی موتاڵاکردنی فەلسەفەیان پێببڕێ، ئەوسا لەماوەی پازدە ساڵ، بەوردبوونەوەو شرۆڤەکردنی کاروباری ژیانی مرۆڤەکان لەجیهانی خاکیدا، بەشێوەیەکی زانستی کاری حکومەث و وڵاث بەڕێوەبردن هەڵدەسەنگێنن، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئەمانە بە شایستەی فەرمانڕەوایی دەژمێردرێن ئەو فەیلەسوف فەرمانڕەوایانە، لە

نیشتەجێگەی گشتی  و هاوبەشدا پێکەوە بەسەر دەبەن و لەوێدا هیچ چەشنە دارایییەکی تایبەتیان نییە و ناتوانن بەوشێوەیەی کە دڵپەسەندیانە، هاوباوەشی سێکسیان هەبێ، یەکسانیی تەواو لەنێوان پیاوان و ژناندا بەقەرارە (هەرچەندە ئەفلاتون لەهەڤپەیڤینێکی تردا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەڵێ((لە حاڵەتێکدا کە رۆح، لەماوەی دیارکراوی خۆیدا لەبوونی پیاوێکدا نەتوانێ بە چاکی بژی، دەچێتە نێو جەستەی ژنێکەوە )) ئەو بژاردانە، بەوشێوەیە بەدرێژەدان بەژیان بەشێوەیەکی هاوبەش و نەبوونی هیچ چەشنە بەرژوەندییەکی تایبەتی شەخسی، بەبەرتیل خواردن ئاڵوودە نابن و تەنها ئامانجیان، بریتی دەبێ لە دابینکردنی دادگەریی لەکۆمەڵگەدا، سەرۆکی حکومەت، فەیلەسوف، فەرمانڕەوا، لەنێو ژمارەیەکدا هەڵدەبژێردرێت . ئەو چەشنە سیستمە تەنانەت بۆ دەوڵەتە شارە نموونەییە بچووکەکان ( « لەمەودای 9 میل لە دەریا «) کە ئەو سیستمە سەرلەبەر بۆ ئەوان لەبەرچاوگیراوە وەک کارنامەیەکە کارەساتبار خۆی دەنوێنێ لەباشترین حاڵەتدا، ئەو نموونەشارە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بێزارکەرە ؛ چونکە هەموو شاعیران، شانۆنامەنووسان و ئەوانەی کە جۆرە نادروستەکەی مۆسیقا دەژنن، هەروەها پارێزەرانی داکۆکیکار و یاساناسان تیایدا مافی بەشداری و ئامادەبوونیان نییە، لەخراپترین حاڵەت، نموونەشاری  ئەفلاتون بریتییە لە کابووسێک لە خۆپەرستی کە بەخێرایی هەموو شێوازە ناپەسەند باوەکان کە بۆ پاراستنی وەها سیستمێکی نامرۆڤانە پێویستن لەخۆیدا دروست دەکا و پەرەپێدەدات، بەهۆی چاوبەدواداخشاندن و بیرکردنەوە، بەئاسانی دەتوانین هەڵەی ئەو خەیاڵپڵاویە راشکاوە، تێبگەی، تەنانەت وێناکردنی خوودی  ئەفلاتون، ئەو تووشی ژمارەیەک ناکۆکی دەکاتەوە (لە نمونە شاری  ئەفلاتون) دا شاعیران بێبەش و هەڵاوێرکراون ؛ کە چی خودی  ئەفلاتون لە میانی پاسا و بەڵگەکاریەکانیدا، سوود لەزۆر وێنەو دیمەنی شاعیرانەی پلە یەکەم وەردەگرێت، بەهەمان شێوە پەرستنی خواکان ئایین و ئەفسانەکانیش قەدەغە کراون ؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفلاتون خۆی چەندین ئەفسانە لەو بەرهەمەیدا(واتە لە کۆمار) جێدەکاتەوە و (( فەیلەسوف فەرمانڕەوایان)) زۆر سەیر لە کاستی* کەشیشان دەچن  ئەفلاتون هەروەها خۆی بە خوایەکی ئایدیالی دەناسێنێ ؛ خوایەکی سەرسەخت کە پێویستە

فەرمانی لێوەربگیرێ (وەک دەڵێ بوونی ئەو مایەی سەلماندن و دیاریکردن نییە).
راستیەکەی ئەوەیەکە تێڕوانینی ئەفلاتون لە کۆماری ئایدیالی، وەک دیارە بەتەواوی بەرهەمی رۆژگار خۆیەتی ماوەیەکی کەم پێشتر ئەسینا لە جەنگی (پلوپونزی)دا لەبەرامبەر (سپارت) شکستی خواردبوو، نە دیموکراسی کاریگەری هەبوو بوو و نەحکومەتی دیکتاتۆری وئەسینا، لەبەرئەوپەڕی رەوشی نالەباری خۆی پێویستی بە حکومەتێک هەبوو کە بتوانێ نەزم و دیسپلین بەرقەرار بکات .(لەراستیدا، بەشێک لە شرۆڤەکاران، وای بۆ دەچن کە ئەو کاتەی ئەفلاتون قسە لە دادگەری دەکات، زیاتر مەبەستی شتێکە کە پتر لە «چەمکی» دیسپلین و رێک و پێکەوە نزیکە نەک دادگەری ) ئەفلاتون وای بۆچووکە رێگاچارەی ئەو پرسە لە کۆمەڵگەیەکی تەواو کۆنترۆڵکراوی وەک ئەو کۆمەڵگەیەی کە (سپارت)دا بەرقەرار بوو، بەدی دەکرێ و دەست دەکەوێ، بەڵام سپارت، بەپێچەوانەی ئەسینا، کۆمەڵگەیەکی بێ فەرهەنگ و لەرووی ئابووریەوە دواکەوتوو بوو، کۆمەڵگەیەک کە بۆ مانەوەی خۆی، ناچاربوو توێژێک لە کەسانی دڵڕەق و بێ مێشک بارێنێ کە بێ چەندو چوون بڕیارو فەرمانەکان جێبەجێبکەن‌و دوا هەناسەیان نەبەر بکەن، کاری ئەو توێژە بەوشێوەیە بوو کە کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لەنێو چین و توێژە هەژارەکانی دەوڵەتشار کە رۆژبەرۆژ نافەرمانتر دەبوون، بچێنن و چاوی دراوسێ پێشکەوتووەکانی سپارت کەلەرووی ئابووریەوە بە توانا بوون بشکێنن و ناچاریان بکەن ملکەچ بن، ئەفلاتون یان ئاگای لەو پرسە نەبوو،یاخود حەزی لێنەبوو رەچاوی بکات، ئەفلاتون بەبەگشتیکردنی تێڕوانینی ئەخلاقیی سادەدڵانەی سوقرات ((چاکەکاران خۆشبەختن)) لەوباوەڕەبوو کە ((تەنها زۆرداران چارەڕەشن )) کۆمەڵگەیەکی دادگەرانە بە زۆرە ملێ بنیات بنێ تا هەموو کەسەکان باش ببن، بەڵام ئەفلاتون چ شتێکی مەبەست بوو ؟ دروست تەرحێکی لەو جۆرانەی کە ئێوە لەبیرمەندێکی باوەڕدار بە پرەنسیپ و لێبڕاو کە لەباغی ئەکادیمیادا خەڵوەتی هەڵبژاردووە، چاوەڕێ دەکەن، ئەو تەرحە هەرگیز پراکتیزە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەیر لەوەیەدا کە وەها تەرحێک یا شتێکی لەو چەشنە، پراکتیزە بوو،بۆماوەی پتر لەیەک هەزار ساڵ، کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست، بە چینە هەژار و بێدەرەتانەکان، کاستی سوپاییەکان و کەشیشە

دەسەڵاتدارەکانی خۆی، هاوشێوەییەکی بەرچاوی لەگەڵ کۆماری ئەفلاتوندا هەبوو، لەسەردەمی نوێدا، کۆمۆنیزم و فاشیزم، زۆرێک لە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی کۆماری (ئەفلاتون) یان وەرگرت و هەڵبژارد.

ئەفلاتون چەندین ساڵ درێژەی بە وانەوتنەوەدا لە ئەکادیمیادا، ئەکادیمیای گەیاندە ئاستی باشترین خوێندنگەی ئەسینا، ئەوسا لەساڵی 367 ی پێش زانیین، لە(دیون) ی دۆستی گۆێبیستی ئەوە بوو کە دیونوسیوس، فەرمانڕەوای ستەمکاری سیراکۆس، مـردووەو کوڕەکەی (واتـە دیونوسیوسی دووەم) شوێنی ئەوی گرتۆتەوە، باوکی دیونوسیوسی دووەم، چەندین ساڵ کوڕەکەی خۆی زیندانی کردبوو تا رێ لە هەرچەشنە ئارەزووێک بگرێ کە دەنگ بێ کوڕەکەی بۆ جێگرتنەوەی بەر لەوادەی خۆی بکەوێتەسەری دیونوسیوسی کوڕ، کە لە کۆشکی پادشاییدا زیندانی بوو، بە هەوڵدانێکی سەخت پارچە تەختەی بەمشار دەبڕینەوە و مێزو چوارپایەی لێدروست دەکردن و بەوشێوەیە رۆژەکانی بەسەر دەبردن . بەقسەی دیون، دەرفەتێکی باش بۆ ئەفلاتون فەراهەم ببوو، ئێستا ئیدی فەرمانڕەوایەکی ئایدیاڵ بۆ ئەفلاتون بوونی هەبوو، تاکو رێورەسمی فەیلەسوف فەرمانڕەوایی فێربکات، زەهنی ئەو ئەندێشەیتری تێنەخزا بوو و ئەفلاتون دەیتوانی کۆماری خۆی کەمەبەستی بوو بخاتەبواری کرداریەوەو پراکتیزەی بکات، ئەفلاتون لەبەرهۆیەک ئەو ئاسۆ (Prospect) یەی بەپەسەند نەبینی (لەوانەیە ئەو نیگەرانـــــــــی مەوقیعەتـــــی پیرێکی 61ساڵە بووبێت،کە لە کۆماری ئایدیاڵدا نیشتەجێ دەبوو، ئایا ئەویش دەبوا بۆ پەیوەست بوون بەریزی بژاردەکان، ناچار بێ مل بۆ ئەنجامدانی بەرنامە رێژکراوو درێژخایەنی وەرزش و مۆسیقای سەربازی بدات؟) بەمپێیە دواجار،(( ترسی من لەوەی کە بەرزەفڕی و نەفسبەرزیی خۆم لەدەست بدەم و لەبەرچاوی خۆمدا ببمەکەسێکی شووم کە تەنها قسەدەکات و هەرگیز قسەکانی پراکتیزەناکات )) بووە هۆی ئەوەی کەلەبەرامبەر داوا و تکای برادەدەرەکەی خۆی، رازی ببێ و بەرەو سیسیل بکەوێـتە سەفەرێکی درێژ، کاتێ کە ئەفلاتون گەیشتە سیسیل، دەربارەی دیونوسیوسی دووەم ببووە مەکۆی پیلان و پیلانگێڕی، ژمارەیەک لە دەربارەیە دەسەڵاتدارو خاوەن ئوتۆرتەیکان،ئەو (پیرە ) پۆشتە هۆشمەندەیان لەکاتی دیداری پێشووتری ئەوەوە، لەیاد مابوو و

ژمارەیەکیان وەک دیار بوو گەرەکیان بوو ئازار و کێشە بۆ (دیون) یش دروست بکەن، لەماوەی چەند مانگدا،ئەو دوژمنانەی فەلسەفە، کەوتنەکار و هەم ئەفلاتون و هەم دیوانیان بەخیانەتکرای تۆمەتبار کردن (داویکی هەمیشەیی بۆ ئەوانە کە پرۆژەی نموونەشاریان لەسەردابوو) لەسەرەتادا، فەرمانڕەوای دارتاش،نەیدەزانی چیبکاتْ، ماوەیەک دواتر، ئەو کە لەدەسەلاتی دیوان هەراسان ببوو، خاڵی خۆی دوورخستەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا رێی لەوە گرتْ کە ئەفلاتون دەرباری ئەو بەجێ بێڵێ، ئەو فەیلەسوفی پیری ئاگادارکردەوە کە پێی خۆش نەبوو ئەو کاتەی ئەفلاتون دەگەڕایەوە بۆ ئەسینا بەخراپە باسی بکاتْ . خۆشبەختانە، دۆستان، هەر زوو رێو شوێنی راکردنی ئەفلاتونیان رێکخستْ و بۆ ئەسینا گەڕایەوە جێیەک کە قوتابیان وەفاداری دەبون، لەئەکادیمیادا چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵام دیونوسیوسی دووەم لەراکردنی ئەفلاتون نیگەران و دڵگران بوو، ئەو سوودێکی زۆری لە هەڤپەیڤینەکانی خۆی لەگەڵ ئەفلاتون وەرگرتبوو، گەرچی نەیدەویستْ هیچ کام لە ئەندێشەکانی ئەو بکەونە بواری کرداری و پراکتیزە ببن ( سیراکوس هەرگیز لە رەوشێکی وانەبوو کە ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە لەسەر خۆی بەشتی شیاوو رەوا بزانێ لەوی دەمێ سیراکوس تاکە دەوڵەتێکی بەهێز بوو،کەتوانیبووی بەرەنگاری دەستدرێژی کارتاژ بۆ سەر ئیتالیا -جێبەجێ بکاتْ کە تیادا کارتاژ کۆماری یەکەمینی رۆمای سەرنگون کردبوو-ببێتەوە ) . واپێدەچێ کە دیونوسیوس، وردە وردە ئەفلاتونی وەک پیریک یان باوکێکی مەعنەوی تەماشا کردبێ، گۆمانێنیا نییە کە ئەو بەخیلی بەو پەیوەندی و عەلاقەیەی ئەفلاتون بۆ خاڵی، واتە دیون،دەبرد دیونوسیوسی دووەم، داوای لە ئەفلاتون کرد کە بگەڕێتەوە سیراکوس و بەردەوام بە تکا و داواکانی خۆی ئەفلاتونی هەراسان دەکرد ئەو بە یادەوەرێکی نیگەران ، بەهەموو ئەوانەی گوێیان لە قسەکانی دەگرتْ، راگەیاند،کە ئیدی بەبێ هەڤپەیڤینی مامۆستای خۆی لە فەلسەفە، ژیانی ئەو بەهایەکی بۆ مانەوە تیا نەماوەتەوە. سەرنجام دیونوسیوس خێراترین کەشتی جەنگیی خۆی ناردوە ئەسینا و هەرەشەی کرد کە ئەگەر ئەفلاتون نەهێتە سەردانی و دیداری نەکاتْ، هەموو داراییەکانی دیون لەسیراکوس (( کەبڕی ئەو داراییانەش مەزەندە دەکرا )) دەستْ بەسەردا دەگرێ، دواجار ئەفلاتونی تەمەن (71) ساڵ،

هەرچەند هەستیدەکرد کە ئەو کارە دوورە لە ژیری، سواری کەشتی بوو و تاکو بچێتە سیراکوس، واپێدەچێ ئەوەی کە ئەوی رازی کرد بچێتە ئەوسەفەرە، دیون بوو لەو کاتەدا، لەجیاتی خولیای بنیاتنانی نموونە شاری ئەفلاتون و (( ئەندێشەی سەلماندنی بەرزتر بوونی رۆح لەجەستە بۆ فەرمانڕەوای زۆردار)) بێت بەرادەیەکی زۆر سەرقاڵی پرس و خولیا گەلی تربوو، زۆری نەبرد کە ئەفلاتون، جارێکی تر بووەوەو زیندانێکی راستەقینە لە سیراکوس، زیندانێیک کە بەلێبڕاوی ئەوەی رەتدەکردەوە کە رۆژی دووجار تا ورگی رەپ دەبێ پڕی بکات لە خواردنی ئیتاڵیایی و بەوپەڕی تووڕەییەوە هەموو شەوێ بوونەوەری ناپەسەندی لەسەر نوێنی خۆی دووردەکردنەوە، بەڵام خۆشبەختانە جارێکی دیکەش دەربازی بووەوەو ئەمجارەیان بەیارمەتی فیساگۆرسێیکی هاودڵ و هاوبیری خەڵکی تارانتۆ کە لەناکاو دەرکەوت و ئەفلاتونی لە کپترین ساتەکانی شەودا،بەکەشتی خۆی برد، فەیلەسوفی پیر لەتەک کۆیلەکان کەلەژێر زەبری قەمچی، ئازایانە سەوڵیان لێدەدا و کەشتیەکەیان بۆ پێشەوە لێدەخۆری، خێرا بەرەو ئەوبەری دەریا بۆ باوەشی ئاسوودەی ئەسینا، وەرێکەوت چەند کاتژمێرێک دواتر «دیون» بەوئامانجەگەیشت کەرەنگە هەمیشە بەتاسەیەوە بووبێ : ئەو پەلاماری سیراکوسیدا، دیونوسیوسی دووەمی وەلا ناو خۆی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئێستا کە سەرەنجام بەخت یاوەری دیون بوو، ئایا ئەو هەوڵیدا کە کۆماری ئەفلاتون بنیات بنێ؟ وەک دەبینین نەخێر، ئەوەی نەکرد بەڵام چارەنووس وابوو، لەوەتی کە دادگەریی ئەفلاتونی سەرنەکەوێ، دادگەریی شاعیرانە بەئەنجام بگات : زۆری پێنەچوو کە دیون لەوپەڕی سەرسوڕماندا، بەهۆی خیانەتی یەکێک لە قوتابیانی پێشووی ئەفلاتون، کوژرا ) بەمشێوەیە، هەنگاوەنانە تیژەکانی ئەفلاتون بە نێو قەڵەمڕەوی سیاسەت کۆتاییان هات، ئیمپراتۆریای رۆما، لەدەستی (ئەندیشە سیاسەکانی ئەفلاتون ) قوتاری بوو و لەمەترسی دەرباز بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی تێڕوانینە تاقینەکراوەکانی ئەفلاتون ئەوەبوو کە دنیای سەدەکانی ناڤین کە لە هەناوی ئیمپراتۆریای رۆماوە دروست ببوو، ئەڵگو و سەرمەشقێکی لەبەردەستدا هەبێ و لەسەردەمی نوێدا، نموونەکانی وەکو ستالین و هیتلەر بۆ هەنگاوەکانی خۆیان پێشینەیەکی هەبێ، ئایا ئەفلاتون سەرلەبەر کەسێک بوو کە لەرووی منجرییەوە

پێ لەسەر ئەندێشەی و بۆچوونە نادروستەکانی خۆی دابگرێ ؟ لەدیدی ئەودا تەنها ئەقڵ ئەو توانایەی هەیە بگاتە بە مەعریفەی و دەرکی راستەقینەو وەها کارێک لە دەستی هەست ونەست و مەزەندە نایە، ئەگەر بڕیار بێ رۆح بگاتە حەقیقەت، دەبێ خۆی لە جیهانی تاقیکردنەوە و هەست بکێشێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەفلاتون بەرشتی باوەڕی بەو پرسە هەبوو، لەیەکەم نیگادا، سەختە ئەوە تێبگەین، کە ئەو چ مەبەستێکی لە داڕشتنی یاسا بۆ نموونە شارەکەی خۆی هەبووبێ، ئەو دیدگا فەلسەفیە، ناکۆکە لەگەڵ نەریتی باو لە سیاسەت، بەمەشەوە بەقسەی

ئەفلاتون «ئاستەنگەکانی رەگەزی مرۆڤ، کۆتاییان نایە، مەگەر ئەوەی کە فەیلەسوفەکان خۆیان ببنە فەرمانڕەوا یان فەرمانڕەواکان خودی خۆیان بدەنە فەلسەفە» (بەکردەوە، تەواو شتێکی پێچەوانەی ئەوشتە کەوتووەتەوە، ئەو فەرمانڕەوایانەی کە بیرو ئەندێشەی فەلسەفی ئیلهامبەخشیان بووە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو فەرمانڕەوایانەی لەفەلسەفە بێئاگا بوون، زۆر زیاتر بەڵاو کارەساتیان بەبارهێناوە ). لەسێگۆشەی گۆشە وەستاودا دووجای ژێ ئەکاتە کۆی دووجای دوولا وەستاوەکە (ئەو دوو لایەی کە دەوری گۆشە وەستاوەکەی داوە).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | = | 2 | + | 2 |
| اج | | ا ب | | ب ج |

## یاسای فیساگۆرس

ڕەهەندە ناسیاسیەکانی فەلسەفەی ئەفلاتونیش چەندین سەدە، کاریگەریەکی زۆر گەورەیان لەدوای خۆجێهیشت.

ئەمە زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە فەلسەفەی ئەفلاتون، بەچاکی لەگەڵ مەسیحیەت ئاوێنە بوو، بنچینەیەکی فەلسەفی عەقڵانی تری بەمەسحیەت بەخشی، کە لە سەرەتا تەنها هەرباوەڕ بوو.

(سەرەنجام وایلێهات، کە ئیدی نکۆڵیکردن لە مەسیحیەت، بە تەنێ بەس نەبوو؛ دەبوا نادروستیەکەشی بسەلمێندرێ.) بە بڕوای ئەفلاتون، رۆح، یان نەفسی ئادەمیزاد، لە سێ بەشی لێکجیا پێک هاتووە: بەشی عەقڵانی، لە هەوڵی ژیریی و هۆشمەندی دایە، بەشی چالاکی رۆح(یابەشی بوێر) لەهەوڵی باڵادەستی و بەرزتر بووندایەو مەیل و مگێزەکان، خوازیاری تێرکردنی خۆیانن. (سێ کۆڵەکەی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە ئەفلاتون لە کۆماردا وێنایان دەکات، رەنگدانەوەی ئەو بەشانەیە: فەیلەسوفەکان، کەسانی ئەهلی کار یان جەنگاوەران و لومپنەکان، کە تەنها مژوڵ و سەرقاڵی کاری خۆیانن و لەبیری چێژ وەرگرتن و مگێزەکانی خۆیانن، عەقڵ، حکومەت بەسەر مرۆڤی دروستکار (بادادگەر)دا دەکات؛ بەمپێیە، هەریەک لەوسێ بەشە، رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە.

ئێمە بەبێ تێرکردنی مەیل و مگێزەکانی خۆمان، نەماندەتوانی درێژە بە ژیان بدەین،بەهەمان شێوەی کە ئەگەر کرێکاران، دەستیان لەکارو تێرکردنی مەیلەکانی خۆیان بکشێنەوەو لەجیاتی ئەوە هەوڵیان دابا ببنە فەیلەسوف، شیرازەی هەموو کۆمەڵ، وردە وردە تێکدەچوو لێکهدەوەشایەوە. پوختەی باسەکە ئەوەیە کە دروستکاری (یا دادگەری)، تەنها ئەو کاتە دێتە دی، کەهەریەک لەسێ بەشی رۆح، بە ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەستێ؛ هەروەک لە سێ کۆڵەکەی کۆمەڵ، رۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا یاری بکات.

(میوانداری) لەچاو بەرهەمەکانی تریدا، دڵگیرترین بەرهەمی ئەفلاتونە، کەتایبەتە بەباسکردن دەربارەی سیما جۆراوجۆرەکانی ئەڤین.

یۆنانیانی دێرین، لەعیشق و ئەڤینداریدا پارێزگار نەبوون و بەشێک لە هەڤپەیڤنی (میوانداری) کەتیایدا (ئالکیبیادس) ڕووداوی عەشقی هاوسێکسبازانەی

خۆی بۆ سوقراٹ باسدەکاٹ، وای لەو بەرهەمەکرد بەشێوەیەکی فراوان لە ریزی بەرهەمە قەدەغەکراوەکان بژمێردرێ و ببێتە یەکەمین شاکاری ئەدەبی ژێرزەمینی، لەسەردابەکانی، دێرەکانی سەدەکانی ناڤین. (تا ساڵی چاپە نوێکانی (میوانداری) بەشێوەیەکی فەرعی لە لیستی کتێبە قە دەغەکانی کڵێسای کاسۆلێک دابوو. )

ئەفلاتون (ئیرۆس–eros= خواوەندی ئەڤین لە ئەفسانەی یۆنانی)ی بە بزوێنەری رۆح بەلای چاکەکاری دەزانی، ئیرۆس لەنزمترین شێوەی خۆی، لە ئەڤینی ئێمەدا، بە مرۆڤێکی جوان ومەیلی ئێمە بۆمانەوە– کە لەرێی هێنانە دنیای منداڵێک لەوەوە، خۆی نیشان دەدا– دەردەکەوێ.

(هەرچەندە سەختە لەوە بگەین، کە ئەو قسەیە چۆن سەبارەٹ بە ئالکیبیادس، لەجێی خۆی دەبێ، چونکە سوقراٹ کەسێکی جوان نەبوو، هەروەها بەهیچ شێوەیەک رێی تێنەدەچوو، کە لەو پەیوەندیە ئەڤینداریەدا، منداڵێک بهێنە دنیا.) شێوەی بەرزتری ئەڤین، لەخۆگری هاودڵی لەگەڵ ئامانجە مەعنەویەکانی ترەوە، ئەو جۆرە ئەڤینە، سەرچاوەی چاکەی کۆمەڵایەتیە. بەرزترین شێوەی ئەڤینیی ئەفلاتونی، سەرتاپا ئەڤین بۆ فەلسەفەیەو ترۆپکی ئەو ئەڤینە، وەدەسهێنانی بەدیکردنی عیرفانی ئایدیای چاکەیە.

ئەندێشەکانی ئەفلاتون لەبواری ئەڤین، کاریگەریەکی قوڵی لەدوای خۆی بەجێهشٹ ئەو ئەندێشانە لە چەمک و تێگەیشتنی ئەڤینی شاهانە (یا ئەڤینی دەربـاری= courtly love، شێوەیەک لە ئەڤینی ئەفلاتونی، کە سیماکەی لە بەرهەمەکانی شاعیرانی وەک(پترارک)دا بەرچاو دەکەوێ.و.ف) کە شاعیران–(تروبادۆر=Troubador، شاعیران و خوێنەرانی گەڕۆکی فەرەنسی لەسەدەکانی( 11تا13زاییینی.و.ف) لەسەرەتاکانی سەدەکانی ناڤیندا، زۆر خولیای بوون دەردەکەوێ، تەنانەٹ هەندێ لەوێناکردنی

ئەفلاتون بۆ ئیرۆس، تەرحی سەرەتایی فانتازیا سێکسیە درەوشاوەترەکانی (فرۆید) بەدیدەکەن. ئەمڕۆ کە بەرادەیەک عەیاری تێگەیشتنی ئەڤینی ئەفلاتون کەمبوەتەوە، کە ئەو چەمکە دەتوانین بڵێین دەرخەری شێوەیەکی وەلانراوی خولیاو دڵدادەیی نێوان ژنان و پیاوانە. تەنانەٹ تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتون،

کە ئامانجەکەی بریتیبوو لە چوونی ئێمە بەرەو لای دەرکی عیرفانی، جوانی، حەقیقەت و چاکەکاری، لەئێستادا، بەشی هەرەزۆری شکۆی کاریگەرێتی خۆی لەدەستداوە.

رەخنەگرەکان دەڵێن کە ئەو تیۆرە تەنها ئەوە پێشبینیدەکات،کە جیهان وەکو زمان کاردەکات و بۆ چەمک و زاراوە گەلی ئەبستراکت، قەڵەمڕەوێکی باشترو باڵاتر بە پێویست دادەنێ.

ئەو گریمانەیە رەنگە هەڵەبێ، بەڵام ئێمە هێشتا بە تەواوی خۆمان لەدەستی دەرباز نەکردوە، ئەفلاتون دەیوت کە جیهانی واقیعی، بەو چەشنەی ئێمە لە رێی ئەزموون و زمانەوە دەرکمان کردوەو وێنای دەکەین، نییە، جا بۆچی بەو چەشنە بێ؟ لەراستیدا دوورە کە ئاوابێ،

**بەڵام چۆن دەتوانین رۆژێک لەوە بگەین؟**

ئەفلاتون لەتەمەنی(81)ساڵیدا چاوەکانی لێکنا و لە ئەکادیمیادا بەخاک سپێردرا، هەرچەندە فەلسەفەی ئەفلاتون دوورە لەواقیع، زۆر لە تێزو گریمانەکانی ئەو، هێشتا لە تێڕوانینی ئێمە بۆ جیهان، ماونەتەوە، ئەو خەسڵەتەش کە لەناوی ئەوەوە جیابوەتەوە، هەروا دەرخەری شێوەیە کەلە ئەڤین، کە رۆژ بەرۆژ دوورتر دەکەوێتەوە؛ ئەڤینێک کە رەنگدانەوەی نێوری ئایدیاکانی ئەوەو پەیوەندی پێیانەوە هەیە، ئەکادیمیای ئەفلاتون، لە ئەسینا رۆژگاری رەونەق و شکومەندیی خۆی تەیدەکرد، تا ئەوەی کە دواجار بەدەستی ئیمپراتۆر (یوستینین)،لەساڵی(529) ی زایینی، داخرا، یوستینین بۆ سەرکوتکردنی کلتوری (شیرکئامێز)ی یۆنانیانە بە پشتیوانی مەسیحیەت، بەوکارە هەستا، ئێستا زۆر لە مێژوونوسان، ئەو مێژوە بە نیشانەی کۆتایی هاتنی کلتوری یۆنانی رۆمی و دەستپێکی چاخی تاریکی دەزانن.

## پاشکۆ

دروست وەک ئەوی دوای سوقراط، ئەفلاتونی خوێندکاری هاتە نێوەوە، ئەرستۆی خوێندکاری ئەفلاتونیش دوای ئەفلاتون دەرکەوت، تا بەهەرسێکیان (سێ کوچکەی ڕێبەری)ی فەیلەسووفانی گەورەی یۆنان تەواو بکەن، ئەرستۆ شان بەشانی ئەو پێشنیازە هزریە زۆرانەی کەتایبەت بوون بەخۆی، تێڕوانینی ئەفلاتونیشی پوختکردو پەرپێداو خستیە بەرباری سەرنج و ڕەخنەو لەو ڕێرەوەدا، فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی ئافراند، بەڵام فەلسەفەی ئەفلاتون، بە شێوەی پووختەتری، لە ئەکادیمیادا، هەروا برەوی هەبوو، لەوێ بوو کە بەناوی قوتابخانەی ئەفلاتونەوە ناوبانگی دەرکرد.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئیمپراتۆریای ڕۆم، ئەم قوتابخانە فەلسەفیە، هێدی هێدی پەرەی سەندو لەو ڕێرەوەدا زۆر لایەنی جیاجیا لە فەلسەفەی ئەفلاتون، خرانە لاوە، زۆر روونە لە ئیمپراتۆریایەکدا کە نموونەی وەک (کالیگولا) یا( نیرۆن) لە لوتکەکەیدا بوون، هەرچەشنە قسەکردنێک سەبارەت بە نموونە شارە سیاسیەکان، کارێکی بوو دوور لە عەقڵ.

ئەندێشەکانی تری (ئەفلاتون) وەک تێڕوانینەکانی لە بواری بیرکاری، بەتەواوی پشتگوێخرا، چونکە ڕۆمیەکان، هیچ حەزو خولیایەکیان لەگەڵ بیرکارییدا نەبوو.

بە تێپەڕبوونی ساڵ، کەم کەم قوتابخانەی ئەفلاتون گۆڕانی بەسەر داهات، سەرەنجام ژمارەیەک لە وەفاردارترین خوێندرانی ئەو قوتابخانەیە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەگەر چی فەلسەفەی ئەفلاتون، فەلسەفەیەکی راست و دروستە، بەڵام خودی ئەفلاتون، زۆربەی ئەوەی کەقسەی لەبارەوە دەکرد، تێینەدەگەیشت، ئەو فەیلەسوفانە گەیشتە ئەوەی کە خۆیان وتەکانی ئەفلاتون هەڵێنن و تێیانبگەن، لە ئەنجامدا هەڵێجان و شیکردنەوەیەکی نوێ لەفەلسەفەی ئەفلاتون هاتە کایە کە بەقوتابخانەی (نوێ ئەفلاتونی) ناوی دەرکرد. بەشێوەیەکی گشتی، نوێ ئەفلاتونیەکان، جەختیان لەسەر توخمە عیرفانیەکانی قوتابخانەی ئەفلاتون دەرکردەوە، ئەوەی کە ئەوان باوەڕیان پێ بوو، باوەڕبوون بە زنجیرە کاستەکانی بوون، کە لە فرەیی دەست پێدەکات و سەرەنجام بە چاکە(یان تاک)

کە ئەوپەڕی سادەیە کۆتایی دێت.

بەرجەستەترین نوێنەری قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، ئەفلاتین (پلۆتینوس) ی فەیلەسوفی سەدەی سێیەمی زایینە، ئەو کە لە ئەسکەندریە خوێندویەتی، قوتابی مەسیحیەکی لە ئایین و هەڵگەڕاوە بوو کەببوە پەیڕەوکاری قوتابخانەی ئەفلاتون، (بۆیە) بەشێک لە ئەندێشەکانی ئەفلاتین، کەشو هەوایەکی کەم تا زۆرێک مەسیحیانەیان هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا کە مەسیحیەت و قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، لە گۆشەوکەناری ئیمپراتۆریای رۆمدا پەرەیان دەسەند، بەشێوەیەکی کاریگەرانە، دەستەویەخەی یەکتر بوون، بۆ ماوەیەک قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، بە بەربەستێکی سەرەکی بەردەم شەپۆلی پەرەگرتنی مەسیحیەت دەژمێردرا.

بەڵام لەسەدەی چوارەم قەشە (ئاگوستین )ی خەڵکی هیپۆ، باشترین مێشکی بیرمەندیی فەلسەفی لە سەردەمی ئەرستۆ بە دواوە لەدایکبوو، ئاگوستین لەنەمانی جەوهەری عەقڵانی لەمەسحیەتدا نیگەران بوو، خولیای قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی بوو، سەرەنجام ناوبراو لە پێکەوەگونجاندنی فەلسەفەی ئەفلاتین، لەگەڵ یەزدانناسی ئەرسەدوکس، یان نەریتی مەسیحی، سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەمتەرزە، مەسیحیەت بووە خاوەنی بنەمایەکی عەقڵانی مکومترو ئەندێشەگەلی گۆڕدراوی ئەفلاتون، لەگەڵ تاکە دەسەڵات و هێزێکی عەقڵیدا، کە بەکردەوە بەدیار کەوت، لەتوانایدایە لەقۆناغەکانی تاریکیدا سەرکەوتوانە بۆی دەرچێ، یەکیگرتەوە.

بەمشێوەیە، قوتابخانەی نوێ ئەفلاتون (بەشێوەی جیا جیا خۆیەوە) بوو بەبەشێک لەنەریتی مەسیحی و لەهەموو سەردەمەکاندا، ژمارەیەک بیرمەندی هێنایە ئارا، کەباشتر لەخودی ئەفلاتون لە ئەفلاتون، دەگەیشتن: ئەفلاتونیەکان، نوێ ئەفلاتونیەکان، قەدیس ئەگوستین و نموونەی وەک ئەوان، پەیڕەوکارانی قوتابخانەی ئەفلاتون، لەراستیدا تا سەدەی بیستەم، لەزانکۆ گەورەکانی ئەوروپا- بە تایبەت لە ئەلمانیاو کیمبریج- ئەستێرەیان لەگەشتی دابوو، بەڵام لەم رۆژانەدا ئەو باوەڕە هەیە، کە ئەو شێوازە لەنێو چووە.

## لەنوسینەکانی ئەفلاتون
## فەلسەفە بەسەرسامیەوە دەست پێدەکات

(ئەئەتێتوس، d155

لەو بارەیەوە نواندێک هەیە، کە نیشان دەدا چۆن،دەشێ سروشتی(مرۆڤانە) ی ئێمە ببێتە سروشتێکی رۆشبین، یا هەرلە نێوگومڕاهی دا بمێنینەوە، رەوشی مرۆڤەکان وا وێنا بکە، کە لەجۆرە ئەشکەوتێکی ژێر زەمینیدا بەسەر دەبەن،کە رێڕەوێکی درێژی کراوەی روو لە رووناکی هەیە، مرۆڤەکان لەمنداڵیەوە لەوێدا ژیاون و پێ و گەردنیان وا بەزنجیر بەستراوەتەوە، کە ناتوانن ئەکان بخۆن، یان سەری خۆیان بۆلای چەپ وراست بسورێنن، تەنها دەتوانن رووبەڕووی خۆیان ببینین لەسەرەوەترو کەمێک دوورتر، لەپشت سەریانەوە، ئاگرێکی گڕدار داگیرساوەو؛ رێگایەک لەنێوان ئاگرەکەو زیندانیەکاندا هەیە، کە بەدرێژایی رێگایەک دیوارێک هەیە، دیوارێکی وەک ئەو پەردەیەی لە نمایشی (خێمەی شەویاری) دا بەکاردەهێندرێ، ئەوانەی یاریچەکان دەسووڕێنن- لەکاتێکدا کە یاریچەکانی خۆیان لەسەرکاردەکەدا نمایش دەکەن-( لەبەرچاوی تەماشاکەران دیارنین.

وتی: ئەوەی باستکرد، دەتوانم وێنای بکەم.

-ئێستا بیر لەوە بکەوە کە لەپشت دیوارەکە، کەسانێک هەن هەموو جۆرە شتێک- وەک پەیکەری لەبەردودار دروستکراوی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتگەی جۆراو جۆری دیکە-یان هەڵگرتوە، کە لەسەر دیوارەکە دیارن، هەندێکیان خەریکی قسکردنن و هەندێکی تریان کڕوکپ و بێدەنگن.

وتی: چ دیمەنێکی سەیر وێنادەکەیت و ئەمانە زیندانیگەلێگی چەند سەیرن و، ئەوانەی کە بەزنجیران بەستراون!.

گوتم: نە ئەو زیندانیانە دروست وەکو خودی ئێمەن، چونکە یەکەم، تۆ پێتوایە کە ئەو زیندانیانە، جگە لەو سێبەرانەی کە رووناکی ئاگرەکەیان لەدیوارەکەی روو بەڕوویان داوە، شتێکی تر لەخۆیان و لەیەکتری دەبینن؟

-چۆن دەتوانن لەوە زیاتر شتێکی تر ببینن، لەکاتێکدا ئەوان ناتوانن سەریان بۆچەپ و راستی خۆشیان بجوڵێنن .

-هەروەها لەو شتانەش کە لـەدواوەی ئەوانەوە هەڵگیراوە، دروست

هەمان ئەو سێبەرە ناچیزە دەبینن.

-هەڵبەتە!لەگەڵ یەکتردا قسە بکەن، ئایا بەدڵنیاییەوە ئەوکاتەی کە لەو سێبەرانەی دەیانبینن، ناویان لێدەنێن، وایان بیرنەدەکردەوە کە لەراستیدا لەمەڕ شتگەلێکی راستەقینەوە قسە دەکەن؟

-بێگومان بەو شێوەیە.

-جا ئەگەر ئەوکاتەی کەیەکێ لە رێبوارانی پشت پەردەکەوە قسە بکات و دیواری رووبەڕووی ئەوان دەنگی رێبوارەکە بداتەوە، ئەوا زیندانیەکان وادەزانن ئەو دەنگە لەو سێبەرەوە هەڵدەستێ کە لەبەرامبەری چاوی ئەواندا رادەبرێ.

وتی: سوێند بەزیوس ئاوایە کەدەڵێی.

-بەمپێیە، لەهەر رووێکەوە، زیندانیەکان وادەزانـن، کەواقیعیەت لە سێبەری ئەو شتە دروستکراوانە بترازێ شتێک نییە.

وتی: بێگومان بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە.

(کۆمار، کتێبی حەوتەم،a. c514 )

*کەوایە دەبێ لەو دەرنجامە بگرین، کە پەروەردە، بەوشێوەیە نییە، کە هەندێ کەس بیری لێدەکەنەوە، قسەی ئەوان ئەوەیە کە پەروەردە، بریتیە لە ئاشناکردنی رۆحی ئادەمیزاد لەگەڵ مەعریفەتێک، کە پێشتر لە رۆحدا بوونی نەبووە؛ وەک ئەوەی بڵێی، کە چاوێکی کوێر رۆشن دەکرێتەوە.

-بەڵێ، وادەڵێن.

-بەڵام باسەکەی ئێمە، نیشاندەدا، کە قابلیەتی ناسینی حەقیقەت لە رۆحی هەموو مرۆڤەکاندا، شتێکی خۆرسکەو بارودۆخی رۆح لەوەدستهێنانی مەعریفەت، وەکو چاوێک وایە، کە ناتوانێ لەتاریکیدا رووبکاتە لای رۆشنایی، مەگەر ئەوەی کەهەموو جەستەکە، روو لەو لایە بکات، بەوشێوەیە، سەرەتا رۆح دەبوا رووی لەو جیهانەی کۆن و گەندەڵ و سێبەرەکان وەرگێڕی، تاکو چاوەکەی بتوانێ هێواش هێواش، بەرگەی رۆشنایی دروەشاوەو رووناکی حەقیقەت و درەوشاوەترین گشت راستیەکان کەناومان ناوە چاکە-بگرێ و خووی پێوە بگرێ.

(کۆمار، کتێبی حەوتەم،b-c518).

*خواوەند پاک وبێگەردە.

(کۆمار، کتێبی پێنجەم،e611).

*لە بیر نەچێ هاوڕێیکردنی خەڵک، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بەکامەرانی؛ لەکاتێکدا خولق و خودی ناکرەوانە، لەجێی هاوڕێیەتی، گۆشە گیری بەدواوەیە

(نامەکان، نامەی چوارەم،c321)

*دادگەری لە مرۆڤدا، دروست وەک دادگەری لە کۆمەڵگەیەو ئێمە نابێ ئەوە ئەوە لەبیر بکەین، کەدادگەری لەکۆمەڵگە، بەومانایە کە هەریەک لەو سێ چینەی لەکۆمەڵگەدا هەن، ئەرکی دیاریکراوی خۆی ئەنجامبدا... هەر لە یەکێک لە ئێمە، تەنها ئەو کاتە دادگەرین و بە ئەرکی خۆمان هەستاوین، کە هەریەک لەبەشەکانی بوونمان، دیاریکراوی خۆی ئەنجا دابێت...

(کۆمار، کتێبی چوارەم،(لەهەندێ وەرگێڕاندا(44)d)

*کاری عەقڵ ئەوەیە، کە بە نوێنەرایەتی لەسەرجەم ڕۆح، بەسود وەرگرتن لەژیری و دوورئەندێشی، حوکمڕانی بکات؛ لەکاتێکدا کە بەشە چالاکەکەی ڕۆح، دەبێ لەچوارچێوەی ملکەچی و پشتیوانی عەقڵدا، ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ..

کاتێک ئەو دوو بەشە بۆ دەرکی ئەرک ڕاستەقینەکانی خۆیان، پەروەردەو پێگەیشتن و ڕاهێنران، دەبێ بۆ ئەوە ئامادە بکرێن، کە جڵەوێ مەیل و مگێزە زۆرەکـان- کە بەتەرتیب گەورەترین بەشی ڕۆح پێکدێنن و سروشتەکەیان بەچەشنێکە، کە تێر بوونیان بۆ نییە-بگرنە دەست، دەبێ هەمیشە گوێ بەزەنگ بن و چاوەدێری ئەو مەیل و مگێزانە بکەن، ڕێگە نەدەن ئەو مەیل و مگێزانە، وەک دەڵێن لەو خۆشیە جەسنەییانەدا نقووم بن و بەوشێوەیە ئەوەندە تەنبەڵ وقەڵەو لەتێربوون نەهاتوو بین، کەجەستە ئیدی بە ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەڵنەستێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە هەوڵ بدات سەرلەبەری (بنچینەی)ی ژیانی مرۆڤ سەراوبن بکات و مرۆڤ بکاتە کۆیلەی خۆی.

(کۆمار، کتێبی چوارەم،422و441e).

*خەونێکم بینی، لەو خەونەدا پێیانگوتم، کە (ئەستقسان)ی یەکەمین، کەهەمووشتێک- لەنێویدا من و تۆ- لەوانە دروستکراون، بەجۆرێکن، کە هیچ

کەس ناتوانێ روونکردنەوەیەکیان لەبارەوە بداتْ.

تەنها ئەوەندە دەکرێ لەخۆوە ناوێک لەهەریەک لەو(ئەستقساتْ) نەبنێین: ئێمە لەوە زیاتر ناتوانین شتێکی تریان بدەینە پاڵ، ئەگەر بمانەوێ تەنها قسە لەخودی ئەوانەوە بکەین، تەنانەتْ ناتوانین بڵێین کە ئەوان بوونیان هەیە، یان نیانە، چونکە گوتنی شتێکی ئاوا، نیشانەی ئەوەیە کەخەسڵەتی بوون، یان نەبوونمان داونەتە پاڵ..

ئێمە ناتوانین هیچ یەک لەو ئەستقسانە سەرەتاییانە پێناسە بکەین، تەنها دەتوانین ناوێکیان لێبنێین، چونکە ئەوان لەناوێک بنرازێ شتێکی تریان نییە، بەڵام ئەو شتانەی کەلەو توخمانە پێکهاتوون، لەو رووەوە کە بەوشێوەیە پێکهاتوون، بە ئاوێتەکاییێک لەناوەکان، کە وێنایەک پێکدێنن، پێناسە دەکرێن: چونکە وێناکردنێک بنەمای پێناسەی ئەوانە.

(تەئەتتوسی،b202و (هەندێ وەرگێڕان (b e201).

*وایدابنێ کە کەسێک شتێک ببینێ، یان ببیسێ، یان تێبینی شتێک بکاتْ و دواتر بەخۆی بڵێ، ئەوەی من دەرکی دەکەم، کەم تا زۆر لەشتێکی تر دەچێ، هەرچەندە کەلە ڕاستیدا هاوشێوەیەکی لاوازی ئەوشتەیە.) ئایا بەبڕوای تۆ، ئەوکەسەی کە ئەو جەستەی لادروستْ دەبێ، نابێ ئاشناییەکی پێشتری لەگەڵ ئەو(شتەی تر)دا هەبێ و لەراستیدا ئەو شتەی تری وەبیرهاتبێتەوە؟

-هەڵبەتە..

کەوایە ئێمە بەرلەوەی بۆ یەکەمجار شتگەلێک ببینین کە کەم و زۆر.

- نەک بەتەواوی- لەگەڵ یەکتر یەکسانن، بەمسۆگەری، دەرکێکی پێشترمان لە یەکسانی هەبووە.

-دروستە.

-هەروەها لەهەمانکاتدا، ئەوە قبوڵ دەکەین، کە تەنها لە رێی بینین، یان دەستلێدان، یاخود لە رێیەکێ لە هەستەکان، نەبوایە، نەدەگەیشتینە وێناو لێکدانەوەی یەکسانی و نەماندەتوانی پێڕابگەین. من ئێستا هەموو ئەم هەستانە وەکو یەک بەدیدەکەم.

-سوقراتْ! بۆ مەبەستەگەلێک کە لە باسەکەی ئێمەدا مایەی سەرنجە،

ئەمانە گشتیان وەک یەکن.

-بە مێیە، بە مسۆگەری لەرێی هەستەکانەوە لەو پرسە دەگەین، کە ئەوشتانەی کەم تا زۆر یەکسانن، بەتەواوی- بە مێیە، وەک چۆن بەرلەوەی لەدایکببین و ئەو مەعریفەتەمان هەبووەو کاتێک کەهاتینە دنیا، ئەوەمانزانیوە، ئەوە بەو مانایەیە، کە ئێمە نەک تەنها لە یەکسانی و یەکسانی رێژەیی، بەڵکو لەهەموو پیوەرەکانی رەهاشدا، زانیاریمان هەبووە، هەروەها هەمان ئەو پاساوکاریەی، کە ئێمە لەبارەی یەکسانی رەها بەکارمانهێناوە، دروست بەیەکسان، بۆ جوانیی رەها، چاکەی رەها، پابەندبوونی ئەخلاقی، رەهاو پیرۆزیی رەهاو، هەروەها بە بڕوای من لەبارەی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی،کە ئێمە چەمکی(رەها) یان بۆ بەکار دەهێنین، کاربوردو کاریگەری هەیە.

ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە بەمسۆگەری بەر لە لەدایکبوون، زانیاریمان لەو پرسە رەهایانە هەبووە.

(فایدون،73و e74 (کۆتایی)و پاشکۆکەی.)

*دەڵێن سوقرات لەخەونیدا جووجەڵە قازێکی بینی، کە لە سەرئەژنوکانی، هەڵنیشتبوو جووجەڵە قازەکە یەکسەر پەڕوباڵی دەرکردو بووە قازێکی تەواو، ئینجا بەهەموو هێزیەوە ئاوازێکی دڵنشینی هەڵداو لەشەقەی باڵابیدا، رۆژی دواتر سوقرات وەک قوتابیەک لەگەڵ ئەفلاتون ئاشنا بوو، هەر زوو بۆی دەرکەوت کە ئەوە، هەمان ئەو قازەیە، کە لەخەودا بینیبووی.

(دیوگنس لایرتیوس، ژیانی فەیلەسوفانی ناودار، کتێبی سێیەم، پێنجەم).

**رووەکەی تری (فەلسەفەی) ئەفلاتون:**

مکومترین بنەما ئەو بنەمایە کە هەموو کەس، چ پیاو، چ ژن، پێویستە ڕێبەرێکیان هەبێ، هەروا نابێ کەس خوو بەو خەسڵەتەوە بگرێ، کە بەپێی ئارەزووی خۆی بیەوێ شتێک ئەنجامبدات چ بە جدی و چ بەگاڵتە ئەو دەبێ هەم لەکاتی شەڕو جەنگ و هەم لەکاتی ئاشتیدا ڕێز لە ڕێبەری خۆی بنێ و بەدڵ و گیان پەیرەوی لێبکات، دەبێ بەچاوی ڕێزەوە لێی بڕوانێ و تەنانەت لە بچوکترین کاروبارەکانیدا ڕێنونیەکانی ئەو، بکاتە سەرمەشقی خۆی، بۆنموونە، دەبێ تەنها لەو کاتانەی کە ڕێگەی پێدراوەو بۆی دانراوە، لەخەو هەستێ، بچێتە ئەملاو ئەولا، خۆی بشوات و نان بخوات... بەواتایەکی تر دەبێ خوو بەرەوتی پەروەردەو ڕاهێنانەوە بگرێ، کە هیچ کات تەنانەت بیر لە کارێکی سەربەخۆ نەکاتەوە، دەنا بەوشێوەیە، بەتەواوی لە ئەنجامدانی ئەو چەشنە کارەدا، دەستە وەستان دەبێ.

ئاوا هەمووان ژیانی خۆیان لە چوارچێوەی هاوبەشیکردنێکی تەواودا دەبەنەسەر، هیچ یاسایەک لەوە باڵاترو گرنگتر نەبووەو نابێ، ئەمە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەرکەوتن لەشەڕ، هەروەها لەکاتی ئاشتی و لەیەکەمین ڕۆژەکانی منداڵیشدا، ئەو یاسایە دەبێ گرنگترین و باڵاترین یاسا بمێنێتەوە: پێویستبوونی فەرمانکردن بەسەر ئەوانی ترو فەرمان وەرگرتن لەوانی تر.

هەموو نیشانەکانی سەربەخۆیی، یان ڕۆحیەتی بەربەرەکانی دەوڵەت، دەبێ لە ژیانی مرۆڤەکاندا تەنانەت لەو گیانداره دڕندانەش، کە لەلایەن مرۆڤەوە بەخێو دەکرێن، بەتەواوی لەنێوببرێن و ڕیشە کێش بکرێن .

(یاساکان،42 a– 9f)

*ئەم قسانە بەشێوەیەکی بەربڵاو جێی باس بۆ توێژینەرانی (ڕایشی سێیەم)و ڕژێمە کۆمۆنیستیەکان– لە ڕوسیای ستالینی بگرە، تا شۆڕشی کلتوری– ئاسایی و ئاشنان. واپێدەچێ کە (زانستی سیاسەت)ی زۆدارانە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەدوو هەزار ساڵ بەسەر قۆناغی منداڵیی شارستانیەتی ئێمە، کەمێک

پێگەیشتن و کامڵبووی بەخوە بینیوە؛ دروست وەک ئەو دەروووناسیەی، کە ئەو چەشنە حکومەتانەی پێکهێناوە، قۆناغی منداڵی گەشەو گۆرانەکەشی لەولا دانێ، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

بۆماوەی چەندین سەدە، بواری ئەوە نەبوو کە ئەفلاتون هەڵەی کردبێت، لەهەموو ئەو ماوەیەی کە ئەو بەناوچەی پارێزراوی هەوادارانی کلاسیزم و یەزداناناسان مایەوە. تێڕوانینی لەو چەشنە، بێمەترسی دەژمێردران، مەگەر لەدیگای ئەوکەسانەی نەبێ، کە دەبوونە بەرێوەبەرایەنی خوێندگە، شەوانە رۆژیە بژار دەکان وئەو دیدو تێڕوانینانەیان، کە وەکو پرۆژەیەک بۆ پەروەردەو راهێنانی سەردەمی ڤکتوریا بوو، جێبەجێدەکرد.

تەنها لەنیوە سەدەی بیستەم بوو کە(کارل پۆپەر)ی فەیلەسوفی نەمسایی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە کاتی ئەوە هاتووە مستی ئەفلاتون، وەکو فاشیستێک، بکرێتەوە.

ئەو، ئەوکارەی لەکتێبی(کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکان– open Society endIty Enmies)دا ئەنجام دا، کەئەم وتارەی خوارەوەی لێوەرگیرا:

تاکایەتی گرێدراوە بە هاورەگەزی دۆستی، بووەتە بنچینەی شارستانێتی رۆژئاواییانەی ئێمە، ئەم پرسە رێنمایی بنەرەتی مەسیحیەتە(کتێبی پیرۆز دەڵێ( دراوسێکەی خۆت خۆش بووێ) نەک (عەشیرەتەکەت خۆش بووێ) هەوێنی هەموو رێنوێینە ئەخلاقیەکانە، کە لەشارستانێکی ئێمەدا جێیگرتووەو خوێنی نێو رەگی ئەو شارستانیەتیەی هێناوەتە گەڕ... ئەفلاتون هەقی بوو کە ئەو رستەیە بەدوژمنی حکومەتی (کاست)ی خۆی بزانێ و لەهەموو ئەو رێنوێننانەی باوەڕیان بەو چەشنە لە نەفرەتی لەوەی سەرەوە بوو... هیچ کەس ئەوەندەی ئەفلاتون دژی تاکەیەتی نەبووە.

**(پوپەر، کومەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی)**

*پۆپەر، ئەم کۆپلەیەی خـوارەوە دەگوازێتەوە، کە تیایدا ئەفلاتون کۆمارەکەی خۆی بە(باڵاترین شێوازی دەوڵەت) وێنا دەکات، ئەفلاتون لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ:

ژنان و منداڵان، هەروەها هەموو خزمەتکاران و کۆیلەکان و ئاژەڵە

ماڵیەکان، بەدارایی هاوبەشی کۆمەڵگە دەژمێردرێن.

بۆ ئەوەی کە گشت نیشانە پێشبینیکراوەکانی تاکباوەڕی، یان هەرچی بەشێکی تایبەتی لەژیانی ئێمەدا، بکەوێنە بەرچاو ریشەکێش بکرێ، هەرچەشنەی ئامرازێک کە رەنگ بێ، خرابێنە خزمەتەوە، تەنانەت ئەوشتانەیش کەخودی سروشت بەشتی تایبەتی و تاکەکەسی دروستی کردوون، تا دەکرێ، بوونەتە دارایی هاوبەشی هەمووان، هیچ شتێک پەیوەست بەکەسەکان نامێنێتەوە، تەنانەت پێدەچێ کە چاو، گوێ و دەستەکانمان وادەبینن و دەبیسنی و کاردەکەن، کەوەک بڵێی هی تاکەکان نین، بەڵکو پەیوەستن بەسەرجەمی کۆمەڵگەی هاوبەشەوە گشتیان لە نێو قاڵبێکدا داڕێژراون، بەچەشنێک کەتا ئەوپەڕی هاوشێوەی یەکترن ئەوان لە ستایشکردن و زەمکردندا، یەکپارچەو هاوڕان؛ هەتا هەموویان پێکەوە لەیەککاتدا لەسەر یەک شت شادی دەکەن و لەشتێک نیگەران و خەمناک دەبن، هەموو یاساکان، بە ئامانجی یەکپارچەو یەکخستنی هاووڵاتیان تادەکرێ، رێک و پێک کراون... هیچ پێوەرێک لەو پێوەرە باشتر دەست ناکەوێ بۆ شێوازێکی باشتری حکومەتکردن.

(یاساکان، c139 (و پاشماوەکەی).

*ئەمانە تێڕوانینی سەرە ڕۆییانەی لاوێک نین، بەڵکو تێڕوانینگەلێکی حسێبکراوی پیرێکی هۆشمەندن، کتێبی (یاساکان) لە رێزی دوایین بەرهەمەکانی ئەفلاتون دەژمێردرێن ئەفلاتون بە ئەگەرێکی زۆر نزیک لەدڵنیایی ئەو کتێبەی کاتێک نوسیوە، کە بۆ سێیەمین و دوایین جار، لە سیراکوس گەڕابووەوە، ئەو بەرهەم سیماو روخساری ئەفلاتون لەناوەراست، تا دوا حەفتەمین دەیەی تەمەنی ئەو دەخاتە روو.

واپێدەچێ کە زۆربەی لێکۆڵەران لەگەڵ ئەو تێڕوانینە هاودەنگ بن، کەلە (یاساکان) دا( ئەفلاتون بە هەموارکردنی، نموونە شار باوەڕی کۆمار، بایەخ و ئیمتیازگەلێکی بە ژیانی واقیعی بەخشیوە.)(کاپلسۆن) ئەو پرسیارە لەولاوە کە ئایا کۆمارەکەی ئەفلاتون جۆرە نموونە شارێکە (بەهەر رووێک و بۆ هەرکەسێک کەتیایدا دەژی)یان نا، ئایا ئەمانە لەو جۆرە ئیمتیازدانانە بە ژیانی واقیعین، کە ئێمە ئارەزومەندین ببینین؟ بەداخەوە کە حکومەتێکی زۆردارانـەو جلەوداری

کۆنفورمیزمی جەماوەری، هەمیشە بۆ ملیۆنان کەسی بەدبەختی بێ نەوا ژیانیکی واقیعی بووە، (و ئێستاش هەروایە)، بەڵام بۆ زۆربەی ئێمە، ئەو ئاسانکاری، یان ئیمتیازانەی کە ئارەزوومانە بیانبینین، کە لەکۆماریی ئەفلاتوندا دەدرێنە ژیانی واقیعی، جۆرێکی ترن.

(زۆر چاکە، لەبەرئەوەی کە ئێوە شایستەیی ئەوەتان نییە، کە بەگوێرەی نموونە شاری من بژین، لەجیاتی ئەوە دۆزەخی سەر رووی زەوتیان پێشکەشدەکەم.)

پێدەچێ کە ئەم قسەیە، بنچینەی دیدگای ئەفلاتون بێ، هەروەک چۆن پێشتر گوتم، بەڵگە گەلی دەروونناسی و مێژوویی راشکاو هەن، کەچما ئەفلاتون باوەڕی بەو جۆرە بیرو ئەندێشە سەیرو سەمەرانە هێنابوو.

بەڵام سوودی فەلسەفە چییە، کاتێک کە یەکێک لە بەرجەستەترین کارگوزارەکانی، باوەڕگەلێکی وا برەو پێدەداو دێنێتە پێش، کە بەشێوەیەکی ترسناک، باوەڕی هەڵەو دەمارگیرانەن؟ دەتوانرێ وا پاساوکاری بکرێ، کە فەلسەفەی ئەفلاتون، (وەکو دنیای ئەندێشەکانی ئەو) بۆ رۆژگاری ئەو زوون، با لەکاتێکدا تێڕوانینە سیاسیەکانی (هەروەک شتە وردو بچوکەکانی ئەو دنیایەی کە ئێمەی دەژین) لە خەیاڵبەندێکی، راستیە تارمایی ئاساکان، زیاتر شتێک نییە، لەراستیدا کەسێک نکۆڵی لەومانایە ناکات، کە تێڕوانینە سیاسیەکانی ئەفلاتون، هەڵقوڵاوی رۆژگاری خۆیانن، ئەسینا لەژێر مەترسی و هەرەشەدابوو، ئەگەر دەیویست درێژە بە ژیانی خۆی بدات، دەبوا ببێتە (ئەسپارت)ێکی تر. ( دەساڵ دوای مردنی ئەفلاتون، مەکەدۆنیەکان پەلاماری ئەسینایان دا.)

بەو پەڕی داخەوە، ئەفلاتون سیستمە خەیاڵی و بێ بناغەکەی خۆی هەم بۆ سەردەمی جەنگ و هەم بۆ سەردەمی ئاشتیو بۆ سەردەمی هەرەشە، رایگەیاند، هەروەها بۆ ئەوکاتەیش کە هەرەشەیەک لەگۆڕێ نییە، بۆ رۆژگاری نالەبار، هەروەها بۆ رۆژگاری نە ئەوەندە نالەبار. (شتێک بەناوی رۆژگاری لەبار بوونی نەبوو، کە لەو سیستمەی ئەودا بوونی هەبێ.)

پانتایی ئەندێشە سیاسیە نەویستراوەکان، هەرتایبەت بە شارە بچوکەکانی ناوچەی باڵکان، پتر لەدوو هەزار ساڵ بەرێ نەبوون.

ئەو ئەندیشەو هەژانە، هێشتا هەر برەو رەونەقیان هەیە، بە واتایەکی

تر ئەندێشە سیاسیەکانی ئەفلاتون، بەهەمان ئەندازەی بەشەکانی تری فەلسەفەی ئەو، ئەمرو پایەدارن، واپێدەچێ، کە هیچ رێگاچارەیەک بۆ ئەو گرفتە بوونی نەبێ، فەلسەفەی ئەفلاتون یەکێک لە سیما بەرجەستەو گرنگەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا بووەو دەبێ ئەو سیستمە فەلسەفەیە، پرسیار گەلێکی دروستکردو هێنانیە گۆرێ، کە فەلسەفە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەست و پەنجەمان لەگەڵدا نەرمدەکات، هەروەها بنچینەی بیرکردنەوەی مەسیحیەتشی فەراهەمکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تێزو تێروانینە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو، تا بڵێی ئازاردەرن.

(ئەوەی کە بڵێم لەو رۆژگارەدا، هەمووان ئاوا بیریاندەکردەوە، پاساوێکی دروست نییە، وانییە: ئەفلاتون لە ئەسینای لانکی دیموکراسیدا دەژیا.) ئەگەر بتوانین قسەیەکی بەکەڵک بکەین، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین، کە دەبێ نمرەیەکی بەرز بدەینە فەلسەفەی ئەفلاتون و کەمترین نمرەش بدەینە تێروانینی سیاسی ئەو.

## مێژووی رووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

مێژوو زایینین

-سەردەمی شەشەمی پێش زاین: دەسپێکی فەلسەفەی رۆژئاوا، لەگەڵ ئەندێشەکانی (تالس ملتی).

-کۆتایی سەدەمی شەشەمی پ.ز: مردنی فیساگورس.

399-پ.ز سوقرات لە ئەسینا حوکمی مەرگی بەسەردا دەدرێ.

387-پ.ز: ئەفلاتون ئەکادیمیاکەی، کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ، لە ئەسینا دروست دەکات.

335- پ.ز: ئەرستۆ قوتابخانەی (لیسیوم) لە ئەسینا بنیات دەنێ، کە دەبێتە رکابەری ئەکادیمیا.

324- ز: سەنت ئەگوستین کتێبی (دانپێینان)ی خۆی دەنوسێ، فەلسەفە تێکەڵکێشی یەزادانناسیی مەسیحی دەبێت.

410- ز: روخانی ئیمپراتۆریای رۆم بەدەستی (ویزگث)ە کان و سەرەتای چاخی تاریکی.

529- ز: داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا، بە فەرمانی ئیمپراتۆر بوستینین، نیشانەی کۆتایی چاخی حیکمەتی یۆنانی.

-ناوەڕاستی سەدەی سێزدە: (تۆماس ئاکوێناس) شیکردنەوەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێ، چاخی فەلسەفەی خوێندنگەیی.

1453- ز: روخانی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایی قۆناغی ئیمپراتۆریای بیزانس.

1492- ز: (کریستۆف کۆلۆمپ) دەگاتە ئەمریکا، چاخی نوێگەری لە شاری فلورانس و ژیاندنەوەی دووبارەی (تەعالیم)ەکانی یۆنانی.

-1543 ز: (کۆپەرنیک) کتێبی (دەربارەی خولانەوەی تەنە ئاسمانیەکان ) بڵاو دەکاتەوەو لە رووی بیرکاریەوە دەسەلمێنێ، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

1633- ز: کڵیسا؛( گالیلو)ی ناچار کرد، بەفەرمی نکۆڵی لە ئەوەربوونی خۆر بکات.

1641 ز: (دیکارت) کتێبی (وردەکاریەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە، دەسپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن.

- 1677ز: کتێبی (ئەخلاق)ی (سپینوزا) دوای مردنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگرێ.

1687- ز: (نیوتن) کتێبی (بنەماکان) بڵاو دەکاتەوەو تیایدا بە پێناسەکردنی چەمکی کێشکردن هەڵدەستێ.

1689- ز: (جۆن لۆک) (نامەی دەربارەی دەرکی مرۆڤ) چاپدەکات دەستپێکی چاخی فەلسەفەی رەسەنایەتی ئەزموونگەری.

1710- ز: (برکلی) کتێبی (بنەمەکانی زانستی مرۆڤ) بڵاودەکاتەوەو رەسانەیەتی ئەزمونگەری بۆ سنور گەلێکی تازە دەکێشێ

1716-ز: مردنی (لایبنیتس) .

1739-40 ز: (هیوم) (نامەی لە سروشتی مرۆڤ )دا بڵاودەکاتەوەو رەسەنایەتی ئەزمونگەری تا سنورە لۆژیکیەکەی دەباتە پێشەوە.

1781- ز: (کانت) کە بەیارمەتی هیوم لە(خەوی جەزمی خۆی هەستاوەتەوە) و کتێبی (رەخنەی -عەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە، چاخی شکۆداری میتافیزیکی ئەڵمانی دەست پێدەکات.

1807- ز: (هیگڵ) کتێبی (دیاردە ناسی زەهن) بڵاودەکاتەوە، کە خاڵی کرۆپکی میتافیزیکی ئەڵمانیە.

1818- ز: (شوپنهاوەر) کتێبی (جیهان وەکو ئیرادەو تێڕوانینەوەی) بڵاودەکاتەوەو فەلسەفەی هیند لە میتافیزیکی ئەڵمانیدا دەخاتەروو.

1889- ز:( نیچە) بەراگەیاندنی ئەوەی کە(خوامردوە) لە شاری تورینۆ، دووچاری شێتی دەبێ.

1921-ز: (وینگنشاین) (نامەی لۆژیکی- فەلسەفی)ی خۆی بڵاودەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات، کە گەیشتۆتە دوا رێگاچارەی فەلسەفیەکان.

-دەیەی1920ز : حەلقەی ڤیەننا، پۆزتیڤیزمی لۆژێکی برەو پێدرا.

1927-ز: (هایدگەر) کتێبی (بوون و کات) بەچاپ دەگەیەنێ، کەباس لەجودایی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپای خۆرسک دەکات.

1943-ز:( سارتەر) بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (بوون و نەبوون) ئەندێشەکانی هایدگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دەخاتە روو.

1953- ز: بڵاوکردنەوەی کتێبی (لیکۆڵینەکانی فەلسەفی)ی وینگنشتاین و دوای مردنی ئەو، لوتکەی چاخی نوێکاری زمان.

## ساڵنامەی ژیانی ئەفلاتون

-نزیکەی 428ی پێش زایین: لەدایکبوونی ئەفلاتون لە دوورگەی (ئەگینا) (یان ئەسینا) .

399- پ.ز ئەفلاتون دوای مردنی سوقرات لە ئەسینا رادەکات و بۆ باکووری ئەفریقا، سەفەر دەکات بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین و ئیتاڵیا

-نزیکەی 388پ.ز: دەچێتە دەرباری (دیونوسیوس)ی یەکەم، فەرمانڕەوای سیراکوس لە سیسیل.

-نزیکەی 387 پ.ز ئەکادیمیا لە ئەسینا بنیاتدەنێ.

367- پ.ز دەگەڕێتەوە سیراکوس تا، بە( دیونوسیوس)ی دووەم بلێ، بەڵام هەر زوو لەوێ رادەکات.

360--361 پ.ز جارێکی تر دەگەڕێتەوە دەرباری سیراکۆس.

-نزیکەی347پ.ز مردنی ئەفلاتون لە تەمەنی 81 ساڵیدا.

529- زایینی: داخستنی ئەکادیمیا بەدەستی ئیمپراتۆر (بوستینین)و دەسپێکی چاخی تاریکی.

## ساڵنامەی سەدەی ئەفلاتون

348-پ.ز(پەرستگای پارتنون لە ئەسینا دروستدەکرێ.

431- پ.ز: کۆمەڵەی پیاوانی ئازادی ریش سپی ئەسینا بە (42) هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. (کۆمەڵەی کۆیلەکان رەنگە دوو بەرامبەری ئەو ژمارەیە بووبێت.)

430- پ.ز مردنی (فیدیاس)، پەیکەرسازو بیناسازی پارتنون.

429- پ.ز مردنی (پریکلوس)، فەرمانڕەوای ئەسینا لە چاخی زێڕینی ئەسینا.

413--415 پ.ز: لەشکرکێشی ئەسینا بۆ گرتنی سیسیل، کە شکستی لێدەکەوێتەوە

408- پ.ز: (ئورپیید) ئەسینا بەجێدێڵێ.

404- پ.ز شەڕەکانی پلەپونزی بەسەرکەوتنی ئەسپارت بەسەر ئەسینا کۆتاییان دێ، حکومەتی ئولیگارشی بەسەر ئەسینادا زاڵ دەبێ و بەدوای خۆیدا ترس و تۆقاندن دەچێنێ.

399-پ.ز لەدایکبوونی ئەرستۆ.

380-پ.ز مردنی (ئەرستۆ فانس) نوسەری نمایشنامە کۆمێدیەکان.

367-پ.ز مردنی( دیونوسیوسی)ی یەکەم، فرمانڕەوای بیراکوس لە سیسیل، کوڕەکەی واتە(دیونوسیوس) ی دووەم، لە جێی ئەو لەسەرتەختی فەرمانڕەوایەتی دادەنێشێ.

353- پ.ز شا(مادسولوس)(ساتراپی ئێرانی، فەرمانڕەوای کاریا) لە ئاسیای بچوک دەمری و لە(ماوسولیون) بەخاک دەسپێردرێ، ئەو شوێنە دەبێتە یەکێ لە حەوت شتە سەیرەکانی جیهانی کۆنینە.

**سەرچاوە:**

کتێبی اشنایی با افلاطون، نوشتە: پل استراترن، ترجمە فارسی: مسعود علیا